# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٢٢ ▌ سێشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا




## نەورۆز و ساڵی نوێ پیرۆز

خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان»ی ئازیز!

بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆز و دەسپێکی ساڵی نوێی هەتاوی، گەرمترین پیرۆزبایی ئێمەتان پێشکێش.

هیوادارین لە ساڵی نوێدا و لەسایەی تێکۆشان و هەوڵدانی هەموو لایەک، کاروانی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان بگاتە سەرمەنزڵی مراد و داری ئازادیی گەلی کورد بێتە بەر.

ساڵێ کە ڕابرد، بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان سەرەڕای خەبات و قوربانیدانی زۆر، بەڵام زۆر ڕووداوی ناخۆش و کارەساتباری بە خۆیەوە بینی و بە زۆر قۆناغی سەخت و هەڵەموتدا تێپەڕی. دەبا ساڵی ١٣٩٧، ساڵی یەکبوون، هاودڵی و هاوپێوەندیی نیشتمانی و نەتەوەییمان بێ و لە سایەی ئەو یەکڕیزییەدا بتوانین دەسکەوتی سیاسی و نەتەوەیی زیاترمان هەبێ.

ئێوەش ژیانتان خۆش و دڵتان شاد.

**ستافی ڕۆژنامەی «کوردستان»**

# گوڵاڵەی سوورمان خوێنی یارانە




لە مانگی ڕەشەممەی ئەمساڵدا دیسانەکەش دەستی تێرۆری کۆماری ئیسلامی گەیشتەوە سەر تێکۆشەرانی دێموکرات و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم سۆنگەیەوە فەرماندەیەکی بەوەجی لە دەست دا. هەروەها شاری عفرین دوای دوو مانگ بەرگریی ئازایانە و قوربانیدانی زۆر بەداخەوە کەوت. بەڵام ئایا نسکۆکان و شەهیدبوونەکان کۆڵمان پێ دەدەن و دەمان وەستێنن؟ بێگومان نا.

دوژمنانمان پێیان وایە بە کوشتنمان چاوترسێن دەبین، بەڵام نازانن گیانی ئێمە وەک وزەیەک لە ناخماندا دەڕسکێتەوە و ئێمە جارێکی دیکەش لە ورە و باوەڕی نەوەی دوای خۆماندا خۆ دەنوێنینەوە.

دەمانکوژن، بەڵام ئەوەی پێیان وایە مەرگی مەیە مەرگ نیە، نوێبوونەوە و بووژانەوەی ڕۆحی خەباتی ئێمەیە. ئێمە وەکوو قەقنەسێکین لە خۆڵەمێشی جەستەماندا نوێتر و بە زیپکوزاکوونتر لە جاران هەڵدەستینەوە. ئەگەر ئەوان پێیان وایە بە کوشتنمان ئیتر کۆتاییمان پێ دێ، ئەدی بۆ لە گۆڕ و کێلەکانیشمان تۆقیون؟ بۆ تۆقیون لەوەی لاوان لە دیواری شار و لادێ ناوی ئێمە دەنووسنەوە؟ ئەگەر ئێمە ئیتر مردووین و نەماوین، بۆ تۆقیون لەو شێعرانەی ناوی ئێمەیان تێدایە؟

مەرگ، دوا خاڵی ژیانی پێشمەرگە نیە، بەڵکوو خاڵی دەسپێکردنەوەیەکی دیکەیە. خەباتێکی نوێ، خەباتێک بەبێ جەستە، تێهەڵچوونەوەیەک کە ئیتر هیچ سنوور و کۆسپ و لەمپەرێک ناتوانێ ڕێی لێ بگرێ.

## پشتیوانیی ١٩٧ پاڕلمانتاری ئورووپا لە خەڵکی ناڕازیی ئێران



نوێنەرانی پاڕلمانی ئورووپا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک وێڕای پشتیوانی لە خەڵکی مافخواز و ناڕازیی ئێران کە لە مانگەکانی ڕابردوودا هاتنە سەرشەقام، نیگەرانیی خۆیان لە سەرکوتی خۆپیشاندەران دەربڕیوە و داوایان کردوە یەکیەتیی ئورووپا و کۆمیسارییای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بارەیەوە هەڵوێستی هەبێ.

لەو بەیاننامەیەدا کە ڕۆژی ٢٨ی ڕەشەمە بڵاو کراوەتەوە، باس لە کوژرانی دەیان کەسی ناڕازی لە حکومەت لەسەر شەقامەکان و هەروەها کوژرانی لانیکەم ١٣ کەس لە ژێر ئەشکەنجەدا کراوە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دەڵێن خۆیان کوشتووە!

ئەو ١٩٧ نوێنەرەی پاڕلمانی ئورووپا داوایان کردوە کۆمیتەیەکی بەدواداچوون دروست بکرێ هەتا تاوتوێی بارودۆخی گرتووان و گرتووخانەکانی ئێران بکا و لە مردنی ئەو کەسانە بکۆڵێتەوە کە لەو ماوەیەدا لە زیندانەکاندا کوژراون.

## سەدا ٧٥ی خەڵکی ئێران لە کۆماری ئیسلامی ناڕازین



نوێترین ڕاپرسییەکان لە ئێران دەڵێن لانیکەم سەدا ٧٥ی خەڵکی ئەو وڵاتە لە بارودۆخی وڵات و حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی ناڕازین.

«ئیسپا»، ناوەندی ڕەسمی ڕاپرسیی خوێندکارانی ئێران لە نوێترین ڕاپرسیی خۆیدا دەڵێ؛ لە ئێستادا سەدا ٧٥ی خەڵکی ئێران لە بارودۆخی ژیان و مافەکانیان ناڕازین و نیگەرانن لەوەی بارودۆخی ئابوورییان لەوەش شپرزەتر بێ.

ئاکامی ڕاپرسییەکە دەڵێ ناڕەزایەتییەکان لە نێو لاوانی تەمەن ١٨_٢٩ ساڵدا زیاتر لە گرووپە تەمەنییەکانی دیکەیە. سەدا ٤٠ی ئەو خەڵکەی ڕایان وەرگیراوە سیاسەت و شێوەی بەڕێوەبەریی دەوڵەتیان بە هۆکاری ئەو دۆخە و ناڕەزایەتیی خۆیان داناوە و سەدی ٣٥ی بەشدارانیش تەواوەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بردۆتە ژێر پرسیار.

لەو ڕاپرسییەدا دەرکەوتووە: گەندەڵیی حکوومەتی، هەژاری، گرانی و بێکاری زۆرترین هۆکاری ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێرانن.

■ سەروتار

## دیسان کۆماری ئیسلامی و تێرۆر

**کەماڵ کەریمی**

ساڵانێک بوو کە کردەوەی تێروریستی لەسەر حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، وەک ڕابردوو هەستی پێ نەدەکرا. بەڵام لەو ساڵانەشدا کەس نەیتوانی پاکانە بۆ ئەو ڕێژیمە بکا، کە سیاسەتی تێرۆری وەلا نابێ. تێرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەر کاریانەوە لە نێوخۆی وڵات بە لێدانی فیزیکی دژبەرەکانیان دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٣٦٧ و بە پاکتاوکردنی چەند هەزار کەسیی زیندانیانی سیاسی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ڕاست دوای ئەوەی کە فشار و ڕاوەدوونانی لاینگرانی تێکڕای حیزبەکانی ئێران، زۆر لە ڕێبەران و چالاکانی سیاسیی ناچار کرد کە وڵات بەجێ بهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن، دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی کە بە هاوبەشیی وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران و ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەرانی پلە یەکی دەسەڵاتدار وەک سەرۆککۆمار، وەزیری ئیتلاعات، سەرۆکی ئاسایشی نیشتمانی و لە سەرووی هەموانەوە ئایەتوڵڵا خامنەیی و بە دەستووری ڕاستەوخۆی ئەوان ئەم ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد، ڕووی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کرد.

ئەم دەزگایە بۆ سەرپۆشدانان لەسەر جموجۆڵەکانیان باڵوێزخانە و کۆنسولگەرییەکانی کۆماری ئیسلامییان لەو وڵاتانەی کە کاری تێرۆریستییان تێدا بەڕێوە دەبرد بەکار هێنا و تێرۆریستەکانیان، بە ناوی دیپلۆماتی ئێرانییەوە بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانیان هەڵسووڕانیان هەبوو. ئەوکاتە کەم وڵات هەبوو کە ڕێژیم شانەیەکی تێروریستیی لە هێلانە جاسووسییەکانیدا جێگیر نەکردبێ، بەڵام لە هێندێک وڵات وەک فەڕانسە بە تیرۆری دوکتۆر شاپووری بەختیار، سویس کازم ڕەجەوی، ئۆتریش دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو، ئاڵمان دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و زۆر وڵاتی دیکەی وەک ئیتالیا، تورکیە، مالیزی و.....، لە چاوچنۆکیی بازرگانیی دەوڵەتەکانیان باشتر کەڵکی وەرگرت و بە شەهیدکردنی ڕێبەران و کەسایەتییە دیارەکانی دژبەرانی، کوشەندەترین زەربەکانی لە ئۆپۆزیسیۆن دا. ئەمە جگە لە زۆر شوێنی دیکە وەک وڵاتانی عەرەبی کە بۆ پەرەپێدانی نفووزی خۆی و بە هێزکردنی پێگەی شیعەکانی سەر بە خۆیان لە دروستکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان و کاری تێرۆریستی نەپرینگاونەتەوە.

ڕەنگبێ هەڵوێستی ئازایانەی دادگای بێرلین لە دوای کارەساتی شەهیدانی میکۆنۆس و مەحکوومکردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی...

ل٢



**پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب/٢**



**کۆماری ئیسلامی تێرۆر و ئاسنی ساردکوتان/٣**



**لە نەورۆزی جامانەکانەوە بۆ نەورۆزی جامانەکان/٤**



**بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتان ڕێخۆشکەر بووە بۆ.../٥**



**بۆمبی کات بۆدیاریکراوی سووریە/٩**



**ژنان و پێگەیان لە بازاری کار و ئابووریی ئێراندا/١٠**

دریژەی:

## دیسان کۆماری ئیسلامی و تێرۆر

ئاگاداربوون و دەرکردنی بڕیاری ئەو کردەوە تێرۆریستییە، ڕەوتی درێژەدانی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ئاستەدا لە دەرەوە خاو کردبێتەوە، بەڵام هەرگیز هیچ یەک لەو گوشارانە نەبوونە هۆی دەستبەرداربوونی ئەو ڕێژیمە لە سیاسەتی تێرۆر و ئەوان بە هۆی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە هەر شوێنێک جێ پێیەکان بۆ کرابێتەوە، ئەو شوێنەیان کردوەتە مەیدانی تەڕاتێنی تێرۆریستەکانیان و بە ئەنجام گەیاندنی پیلانە دزێوەکانیان.

کوردستانی عێراق یەکێک لەو ناوچانەیە کە هەم بە هۆی هاوسنووری و هەم بە هۆی پێویستییان بە ئێران لەو هەلومەرجەیدا کە کەوتبووە ژێر حەساری ئابووریی عێراقەوە و هێندێک هۆکاری دیکەش و یەک لەوان کێبەرکێی پێوەندیی بەشێک لە حیزبەکانی باشوور لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگریی سپای پاسدارانەوە ڕێک دەخرا و بەشێک نەبوو لە پێویستییەکانی دەسەڵاتی کوردی لەم ناوچە، هەر زۆر زوو بوو بە هۆی کرانەوەی مەیدانێکی بەربڵاو بۆ گرووپە تێرۆریستییەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئەو جێگەی ناوەندی نهێنیی قەرارگا تێرۆریستییەکەشیان لەو ناوچەدا دامەزراند. هەر ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ بەرینترکردنی پێوەندییەکانی ئەم دەزگا تێرۆریستییە لەگەڵ خەڵکانی دیکە بە دوور لە چاوی دەسەڵات و حیزبەکان.

ئاکامی دروستبوونی ئەم هەلومەرجە پەلاماردانی بنکە و بارەگای پێشمەرگە و ناوەندە حیزبییەکانی ڕۆژهەڵاتی بوو کە لە باشووری کوردستان جێگیر ببوون. دەسپێکردن و درێژەی یەک لە دوای یەکی پیلانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە باشوور تەنیا لە ماوەی پێنج ساڵدا لە ڕێگەی ڕفاندن، کەمین دانانەوەو هێرش بۆ سەر بنکە و ماڵەکان بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی سەدان کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لەو نێوەشدا حیزبی دێموکرات بوون پشکی شێری بەرکەوتووە. لە ساڵی ١٣٧٧ بەم لاوە، گۆڕانکارییەکانی نێوخۆ، زیادبوونی فشارە دەرەکییەکان و جێگیربوونی دەسەڵات لە کوردستان، چەند هۆکارێک بوون بۆ ڕاوەستان یا کەمبوونەوەی ئەم کردەوە تێرۆریستییانە و لە جێگەی ئەو ڕێگەی دیکەیان (وەک فشارخستنە سەر حیزبەکانی باشوور بۆ بەرتەسککردنەوەی تێکۆشانی ئەو حیزبانە و ڕێگرتن لە هاوکاری کردنیان) گرتە بەر و لەو لاشەوە وایان نیشان دەدا کە لە ڕۆژهەڵات کورد گرفتێکی نیە و حیزبەکانیان لە مەیدانی ڕاستەوخۆی خەبات دوور خستوەتەوە. هەرچەند لە مەیداندا بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو پیلانەکانیان چ لە شاخ و چ لە شار هەرگیز نەیهێشت ئەو ڕاستییەیان لە بیر بباتەوە کە خەباتی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشە لە خاکی کوردستان بەردەوامە و هەرگیز هەستیان بە ئارامی نەکرد. هەر بۆیە هەتا ئێستاش پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات لە ورمێ هەتا ئیلام وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی چاو لێ دەکەن و کردوویانە بە مۆڵگەی دەیان هەزار پاسدار و هێزی ئەمنییەتی خۆیان.

پەرەگرتنی خەبات لە نێوخۆی وڵات و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و داواکارییە نەتەوەییەکان، و ئاگاداربوونی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە کاریگەریی هێزە سیاسییەکان لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا ئەو نیگەرانییانەی لای ئەوان زیاتر کردووە. بێ گومان ئەمە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەستپێکردنەوەی پەلامارە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەر پێشمەرگە و حیزبەکان. پیلانێک کە لە شەوی یەلدای ١٣٩٥ کە بە هۆی تەقاندنەوەی بۆمب لە بەردەم بارەگای سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە کاتێکدا کە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لەو شەوەدا یادی لە دایکبوونی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوویان دەکردەوە و ٧ شەهیدی لێ کەوتەوە، دەستی پێکرد و لە کۆتاییەکانی ئەمساڵیشدا لە کردەوەیەکی بۆمب دانانەوەدا سەباح ڕەحمانی و لە پیلانێکی دزێوی تێرۆریستیدا فەرماندە قادر قادرییان تێدا بووە قوربانی و، شەهید بوون. ئەمە جیا لە پووچەڵکردنەوەی چەندین پیلانی دیکەش کە پێش بە جێبەجێبوونیان گیراوە. بێگومان ئەمە سەرەتایەکی نوێی دەورێکی تازەی هێرشە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییە، کە بەبەر چاوی خەڵکی باشووری کوردستانەوە و لە وڵاتەکەی ئەواندا بەڕێوە دەچێ و، خەڵکی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی هەڵوێستیان لێ دەکا.

ئێستا کە کۆماری ئیسلامی ڕووهەڵماڵراوانە و بێ پەروا ئەم ڕەوتە درێژە پێ دەدا، جگە لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی یەکدەست لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و وەدەنگهاتنی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان کە چاوەڕوانیی چاوەدێریکردنی زیاتری دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم کە بە هەر ناو و عینوانێکەوە دێنە باشوور لێ دەکرێ، بێگومان پێشمەرگە و پارێزەرانی نیشتمان لە هەر شوێنێکی کوردستان بن، ناتوانن بێدەنگ دابنیشن و چاوەڕوانی خەبەری کردەوەیەکی تێرۆریستی دیکە و شەهیدبوونی ڕۆڵە و هاوسەنگەرانیان بن. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەبێ بزانن تواناکانی نیشتمان پەروەرانی کورد ئەوەندە هەیە، کە ئەوان لێی تۆقیون و هەوڵ دەدەن بەم کردەوە دژە مرۆڤانە لاوازی بکەن، کە هەرکات بیانەوێ دەتوانن لە تۆڵەی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو شەهیدانەدا زەبری کاریگەریان لێ بدەن.

# پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**ئەندامان، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان!**

ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی بە هەموو خۆشی و ناخۆشی و ڕووداوە تاڵ وشیرینەکانییەوە گەیشتە کۆتایی و لەسەری ساڵێکی نوێدا، نەورۆزی کوردەواری هاتەوە.

نەورۆز جێژنێکی کۆنی کوردان و گەلانی دیکەی ناوچەیە و سەرەتا بەم بۆنەیەوە و لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەم. هەروەها لەگەڵ پیرۆزبایی تایبەت لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان، سڵاو دەنێرم بۆ ئەو ڕۆڵە لەخۆبووردوو و ئازایانەی نەتەوەکەمان کە لە پێناوی ڕزگاریی گەل و وڵاتەکەیاندا، کەوتوونە نێو بەندیخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە لەش و ڕووح ئازار دەکێشن. ئەوان سیمبۆلی خۆڕاگرین و ئێمە لە بەرامبەر فیداکاری و خەباتیاندا سەری کڕنۆش دادەنەوێنین. هیوادارم وەرزی زستانی ڕەشی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێراندا کۆتایی بێ و کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیتوو و چەوساوەمان، لە بەهاری ئازادیدا، جێژنی سەرکەوتن و گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان بگرن.

**بەڕێزان!**

لە مێژ ساڵە نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵ جیا لە نوێبوونەوەی سروشت، بۆ ئێمەی کورد واتا و پەیامێکی سیاسیشی هەیە. نەورۆز دەرفەتێکە بۆ گوڕوتین بەخشین بەمافخوازیمان، بۆ یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەییمان، بۆ بەرزکردنەوەی بەیداخی شۆڕشگێڕی و بۆ یەکخستنی وزەی خەباتگێریمان دژی دەسەڵاتی زۆردار و ماف زەوتکەری کۆماری ئیسلامی. دەرسێکیش کە ئێمە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لە نەورۆزی وەردەگرین، دەرسی هیوا بە داهاتوویەکی گەش، دەرسی خەبات و نەوەستان بۆ لابردنی زستانی زەبروزەنگ و ستەم، خەباتی بێوچان بۆ جێگیرکردنی بەهاری ئازادی و دەستەبەرکردنی ڕزگاریی یەکجاری بۆ نەتەوەکەمانە. بێگومان تێکۆشانی ئێمە لەو بوارانەدا بە ڕێگایەکی دوورودرێژدا هاتووە، هەوراز و نشێوی زۆری هاتۆتە پێش و هەزاران ڕۆڵەی گەلیش لەپێناویدا خۆیان کردۆتە قوربانی، بەڵام خەڵکی ئێمە و ڕۆڵە خەباتکارەکانی ناوەستن و دڵنیاین ئەو خەباتە ڕەوایە بە سەرکەوتنی یەکجاری دەگا.

ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، لەساڵی تازەدا بە ورەیەکی پتەو و هێزێکی نوێوە ڕێگای خەباتمان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانمان درێژە پێ دەدەین و لەو پێوەندییەدا هەوڵ دەدەین لە هەموو شێوەکانی خەبات، بە پێی دۆخی گونجاو، کەلک وەرگرین. ڕێکخراوەکانی حیزب و پێشمەرگە قارەمانەکانمان لەو پێوەندییەدا ئامادەن و لە کاتی پێویستدا ئەرکی سەرشانیان بەڕێوە دەبەن.

ساڵی تازە بۆ خەڵکی مافخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و، بۆ بزووتنەوەی مەدەنی و چالاکانی سیاسی و تێکۆشەرانی بوارە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و مەدەنی بە تایبەتی؛ سەرفەسڵێکی نوێیە لە بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان. بێگومان لە ئێستادا کە کۆمەڵگەی ئێران لە سۆنگەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییەوە نوقمی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە؛ بزووتنەوەی مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵک شوێنەواری یەکلاکەرەوەی لەسەر پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتی ڕێژیم و گەیشتن بەسەرکەوتن هەیە. دژکردەوەی بەرپرسان و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر سەرهەڵدانی خۆپێشاندانەکان لە ژمارەیەکی زۆری شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا، نیشانی دا؛ کە ڕێژیم تا چ ڕادەیەک لە هاتنە مەیدانی خەڵک و کارتێکەریی ئەم بزووتنەوەیە تووشی سەرلێشێواوی و تاسان هاتبوو. بزووتنەوەیەک کە تابۆی ویلایەتی فەقیهی شکاند و «مردن بۆ دیکتاتۆر» و مردن بۆ خامنەیی» بەشی سەرەکیی درۆشمەکانی بوو. هەر بۆیە پێویستە کۆمەڵانی خەڵک لە ساڵی نوێشدا، لە هەر دەرفەتێکی لەبار بۆ وەڕێخستنی خۆپێشاندان و نارەزایەتیی مەدەنی کەلک وەربگرن و ئەو بەستێنە لە خەبات و تێکۆشان هەراوتر بکەن و یەکدەنگ و یەکڕیز بەرەوڕووی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ببنەوە. دڵنیاشین لەوەی کە هێزی لە براننەهاتووی خەڵکێک کە لە مەیدان دان و خەباتی شێلگیرانە و یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکە کە دەتوانێ ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە بەچۆکدا بێنێ.

**هاونیشتمانە خۆشەویستەکان!**

ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەو پیلی نەورۆز و بەهار دەچین، کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ئێمەی تێدا دەژین لە کەفوکوڵی گۆڕانکارییە چاوەڕواننەکراوەکان دایە. بارودۆخی ئاڵۆز و ناسەقامگیری عێراق و دۆخی نوێی باشووری کوردستان لە دوای ڕاپرسیی سەربەخۆیی و ڕووداوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبر، بەردەوامیی شەڕی نێوخۆیی سووریە و هێرشی هەمەلایەنە بۆ سەر عەفرینی ڕۆژاوای کوردستان، ململانێ و کێبەرکێی هێزە گەورەکانی وەک ئەمریکا و ڕووسیە لە ناوچەدا لە پێناو دەستەبەری هێژمۆنی و کۆنترۆڵی زیاتریان لەو بەشە گرینگ و دەوڵەمەندەی جیهاندا؛ شوێنەواری ڕاستەوخۆی لە سەر وەزعی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەموو ئەو وڵاتانە داناوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. بێگومان ئەو بارودۆخە ناوچەییە و هاوکێشە سیاسییەکان و ئاکامی کورتخایەن و درێژخایەنیان، شوێن لەسەر جێگە و پێگە و چۆنیەتیی چارەنووسی دواڕۆژ و خەباتی نەتەوەی ئێمەش بە گشتی دادەنێ. ئەوە بەو مانایەیە کە کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە هەر کاتێک زیاتر پێویستیی بە یەکگرتوویی و وشیاریی نەتەوەیی هەیە، تا بتوانێ هەڵسوکەوتی سیاسیی کارا و وەڵامدەرەوەی هەبێ و، لەگەڵ بەرگری لە دەسکەوتەکانی تا ئێستای قۆناخ بە قۆناخیش لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا بچێتە پێشێ.

کورد لە پێش چاوی بیروڕای گشتیی جیهان دەری‌خستوە کە لایەنگری دێمۆکڕاسی، ئاشتی و ئازادییە و لە پێناویاندا خەباتی کردوە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بۆ خۆی وەک نەتەوەیەک هەتا ئێستاش قوربانیی تێرۆر، زەبروزەنگ، کۆمەڵکوژی، سەرکوت و بێ‌عەداڵەتی بووە. هاوخەباتی و هاوپەیمانیەتیی کورد لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمان لە شەڕی دژی تێرۆر بەتایبەت داعش و، خەبات و قوربانیدانی زۆر لەو شەڕە و لەو بەرەیەدا دەخوازێ کە لە چوارچێوەی هاوسەنگییە سیاسییەکان و دوورەدیمەنی چارەنووسی سیاسیی ناوچەکەدا وەک فاکتۆرێکی گرینگ چاو لێ بکرێ و، بێگومان بێتوو کورد بە یەکگرتوویی و وریاییەوە بجووڵێتەوە، دەتوانێ دەورێکی گرینگی لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبێ و دواجار بە ئامانجی لەمێژینەی، واتە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بگا.

**خوشک و برا خۆشەویستەکان!**

لە ئێستادا کە ئێمە بە پێشوازی نەورۆز و ساڵی نوێ دەچین، وەزعی ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە هەموو کاتێک شپرێوترە و ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپیی زیاتر دەڕوا. خەڵک لە سەرانسەری وڵاتدا بەدەست بێکاری، گرانی، قەیرانی ئابووری، گەندەڵیی بەربڵاوی سیستەم، زەبروزەنگی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، هەژاری و نەداری و نەبوونی ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەناڵێنن. ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرستە لەجیاتیی ئەوەی لە بیری وەزعی نالەباری ئابووری و چارەسەرکردنی گرفتەکان و کەمایەسیی ژیانی خەڵکدا دابێ، بەشیکی زۆری داهات و سامانی وڵاتی لە پێناوی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و بۆ ئەوهێزانە تەرخان کردوە، کە لە عێراق، سووریە، لوبنان ویەمەندا، دایمەزراندوون و لە پێناو پێکهێنانی «هیلالی شیعی» و ئامانجی دەستدرێژیکەرانە و زێدەخوازانەی خۆیدا، شەڕی بە وەکالەتی بۆ دەکەن.

هەموومان لەبیرمانە کە لە پاییزی ڕابردوودا، کاتێک هاونیشتمانانمان لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی پارێزگای کرماشاندا تووشی ئەو کارەساتە هاتبوون، ڕێژیم هیچ کە ئاوڕێکی ئەوتۆی لە خەڵکی دڵبەخەم و ماڵشێواوی ناوچەکە نەدایەوە، بەڵکوو بەشیک لەو یارمەتییانەش کە لەلایەن دڵسۆزان و خێرخوازانەوە کۆ کرابۆوە و بۆ ئەو خەڵکە کارەساتدیتووە نێردرابوون، بە هۆی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە پاشقول دران و؛ خەمساردیی و ئەرک وەخۆنەگریی ڕێژیم و دامودەزگا ئیداری و بەڕێوەبەرییەکانی لەو پێوەندییەدا هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

هەر لەو پێوەندییەدا جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ خەڵکی بە هیممەت، دڵسۆز و دلاواڵەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەسبەجێ لە هەموو لایەکەوە بە هانای ئەو خەڵکە بەلادیتووەوە هاتن. ئەو هاودڵی و هاوپێوەندییە شکۆدارە نەتەوەییە لە مێژوودا تۆمار دەکرێ و نەوەکانی دادێ دەرسی نیشتمانپەروەری، مرۆڤدۆستی و فیداکاریی لێ‌فێر دەبن. هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبایەخەوە سەیری ئەو بزاوت و جموجۆڵە مەدەنییانە دەکا کە ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردووش لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ژینگەییەکاندا وەڕێخراون و، بە دەسکەوتێک بۆ ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لە ئێرانیان دادەنێ و خۆی بە پشتیوانیان دەزانێ. هیوادارین ئەم بزووتنەوە و چالاکییانەش لە ساڵی نوێدا بەردەوام، بەربڵاوتر و فرەڕەهەندتر بن، چونکی لە سۆنگەی بەردەوامی و پەلهاویشتن و بەگوڕتربوونی ئەو خەباتەیە کە پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان سەرناگرن.

**کوردستانیانی خۆشەویست!**

هەر وەک ئاگادارن لە نێوەڕاستی مانگی ڕەشەمەدا جارێکی دیکەش دەستی ڕەشی تێرۆری کۆماری ئیسلامی گەیشتە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و ئەمجارەیان کاک قادر قادری، کادری دێرین و فەرماندەی بەوەجی لێ ستاندین. لەمبارەوە گوتومانە و دەیڵێینەوە کە سیاسەتی پەنابردن بۆ تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە دەستەوەستانی و زەبوونیی ئەو ڕێژیمەوە دێ کە دوای چوار دەیە دەسەڵاتدارەتی لە پێناو مەشرووعییەتی نەبوویدا و، سەرکوتی بزووتنەوەی کورددا بەردەوام لەسەری ڕۆیشتووە؛ بەڵام ئەو سیاسەتە نە سەقامگیریی بۆ کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەدیاری هێناوە و نە خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی لە خەبات و تێکۆشان دڵسارد کردۆتەوە، هەر بۆیە گەلی کورد نەفرەت لەو کردەوە دزێوانەی کۆماری ئیسلامی دەکا و لاوانی کوردیش بە گرتنەبەری ڕێبازی شەهیدان سەنگەری خەباتیان ئاوەدان ڕادەگرن و وەڵامی شیاوی ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بەو ڕێژیمە دەدەنەوە.

لەکۆتاییدا وێڕای ئەوەی جارێکی دیکەش پیرۆزبایی ئەو جێژنە نەتەوەییەتان لێ دەکەین، هاوکات پەیمان نوێ دەکەینەوە کە بەگوڕتر و شێلگیرتر لە پێشوو لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەماندا تێ بکۆشین و تا وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە لە خەبات نەوەستین.

هیوادارم ساڵی نوێ، ساڵی وەدیهاتنی هیوا و ئامانج و ئاواتەکانمان بێ.

**مستەفا مەولوودی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی**

کوردستان
ژمارە: ٧٢٢
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٨



عومەر باڵەکی

# کۆماری ئیسلامی
# تێرۆر و ئاسنی ساردکوتان




تیرۆر یا کوشتنی سیاسی، جۆرێک کوشتنی بە ئانقەستی کەسێکی جیابیری سیاسی و دژبەری دەسەڵاتە و لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار و دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بە دایمە تیرۆری وەک کەرەسەیەکی گرینگ، دانەبڕاو و وەلانەندراو لە خۆی بە دژی جیابیران و دژبەرانی بەکار هێناوە.

ئەگەر لە نێو لاپەرەکانی قامووسەکاندا لە مانای تیرۆر بگەڕێین، لە هەمووواندا بە مانای خولقاندنی ترس و دڵەراوکێیە لە نێو کۆمەڵگەدا و زیاتر دەسەڵات دەیکا بۆ ئەوەی ژاری چاوی لە دژبەرانی گرتبێ. لە هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی و بە گشتی لەکارکردنی تیرۆردا دەسەڵات هەموو هەولی ئەوەیە شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێ نەهێڵێ وکوشتنەکە لە حاڵەتی شک و گوماندا بمێنێتەوە؛ تەنانەت زۆر جاران هەر دەسەڵات خۆی هەول دەدا بە دانی زانیاریی هەڵە ڕێچکەی لێکۆلینەوەکان بە لارێدا بەرێ.

لە سەردەمی ئێستاشدا کەم نین ئەو دەوڵەتانەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جووڵانەوە ئازادیخوازییەکان پەنا بۆ تێرۆر و کردەوەی تێرۆریستی دەبەن و بۆ خۆیشیان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە لە بەرەی خەبات دژی تێرۆردا جێ دەگرن. بەڵام کە چاوی بە کارنامەیاندا دەخشێنی، دەبینی لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکانیاندا دنیایەک جینایەت و کوشتاریان کردوە؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەوانە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ڕێبەرانی تەنانەت پێش دامەزرانی ڕێژیمەکەیان تیرۆریان بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان بەکار هێناوە و دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش لە پێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیاندا بە بڵاوی کردوویانە؛ ئەوەش بۆ بنەما فیکرییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە و لە پێکهاتەی دەسەڵاتیشدا نهادینە کراوە و جێ خراوە.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمەکەیان ڕا هەتا ئێستا لە سەر سێ بنەمای «هەناردەکردنی شۆڕش»، «خولقاندنی قەیران لە نێوخۆی وڵات و ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی ناوچە» و «بەکارهێنانی تیرۆر وەک کەرەسەیەکی کارا بۆ لە نێوبردنی جیابیرانی سیاسی و مەزهەبی لە نێو خۆی ئێران و دەرەوەی وڵات» هەوڵی ڕاگرتن و درێژکردنەوەی ڕێژیمەکەیان داوە. لە پێشەکیی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا کاتێک باس لە باسکی نیزامیی ئێران دەکا وەک «ئەرتەشی مەکتەبی» ناوی دەبا و لە باسی ئەرک و وەزیفەکانیدا دەڵێ: «لە پێکهێنان و ئامادەکاریی هێزەکانی بەرگریی وڵاتدا سەرنج لە سەر ئەوەیە کە ئیمان و مەکتەب بنەما و قانوون بێ، بەو پێیە ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجە پێک دێن، نەک هەر بۆ پاراستنی سنوورەکان بەڵکوو ئەرکی مەکتەبی واتە جیهاد لە ڕێگەی خودا و خەبات لە ڕێگەی پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خودا لە جیهان دەکەویتە سەر شانیان». هەروەها لە ئەسلی ١١ی قانوونی بنەڕەتیدا هاتووە: «هەموو موسوڵمانەکان یەک ئۆممەتن و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەزیفە و ئەرکیەتی سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمای هاوکاری و یەکیەتیی نەتەوەکانی موسوڵمان دابرێژێ و هەوڵ بدا یەکیەتیی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی دنیای ئیسلام بێتە دی».

بەو خویندنەوەیەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات و دەسەڵاتداری لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی سنووورە سیاسییەکانی هەیەتی و بەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی بۆ ئەرتەش و سوپای وڵاتەکەی پێناسەی کردوە، سروشتییە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم تیرۆر وەک چەکێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە کار بێنن. بەڵام دەبینین بە تێپەڕبوونی کات ئەو ڕاستییە زیاتر خۆ دەر دەخا کە هەر ئەو باوەڕانەی کۆماری ئیسلامی هێدی هێدی بۆی بوونەتە کێشە و، ئەم خۆرکەیە خەریکە لەشی کۆماری ئیسلامی دادەفەتێنێ. لەلایەکی دیکەوە تێرۆری دەوڵەتی لە ماوەیەکی زەمەنیی دوورودرێژدا کە بە دژی جیابیران و دژبەرانی دەوڵەت و نیزام بە کار دێ ناتوانی ئاماژە و بەڵگە بێ بۆ بەهێز بوونی ئەو دەوڵەت و سیستمە سیاسییە؛ بەڵکوو بە ئاشکرا دەتوانێ نیشانەی لاوازی و ناسەقامگیریی ئەو دەوڵەت و سیستمە بێ. دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی کە لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی خۆیدا هەر ناچار بە تیرۆری جیابیران و دژبەرانی بووبێ، ئەوپەری لاوازی و ناسەقامگیریی خۆی دەردەخا. ڕوون و ئاشکرایە ئەم ڕێژیمە هەموو کاتێ لەوە دەترسێ کە بیر و ئەندیشەیەک جیا لە ئەندیشەکانی خۆی لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنێ و جێ پێی لەق بکا.

کوردستان لە ئێران هەموو کاتێ چەقی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بووە. تێرۆری دژبەرانی سیاسی و تێکۆشەرانی کورد و هەروەها لە مەیدان دەرکردنی جیابیرانی سیاسی و ئایینی بەڕێگەی تێرۆر هەمیشە ئەولەوییەت و لە سەرووی کار و بەرنامەکانی ڕێژیم لە کوردستان بووە. لە ئێستاشدا دەبینین ماوەیەکە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کە قەت لە گەڕ نەکەوتووە خێراییەکی دیکەی پێ دراوە. تەقینەوەکەی شەوی یەلدای ساڵی ڕابردوو لە بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شەهیدبوونی ٧ تێکۆشەری لێ کەوتەوە، هەروەها لکاندنی بۆمبی مێغناتیسی بە ماشێنی سەلاح ڕەحمانی، ئەندامی حدکا کە شەهیدبوونی سەباح ڕەحمانی، کوڕی ناوبراوی لێ کەوتەوە و؛ تێرۆری بەرنامە بۆداڕێژراوی قادر قادری، فەرماندەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوەڕاستی مانگی ڕەشەممەدا بەشێک لەو پیلان و کردەوە تێرۆریستییانەن کە بەداخەوە سەرکەوتوو بوون، لە حاڵێکدا زۆر پیلان و هەوڵی تێرۆریستیی دیکەش لەلایەن ڕێژیمەوە لە گۆڕیدا بووە کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پووچەڵیان کردوونەتەوە.

ئێستا ڕەنگە بۆ زۆر کەس و لایەن پرسیار بێ کە بۆچی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کردووەتەوە بە ئامانج؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لای خەڵکی ئاگا بە مەسائیلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵۆز و گران نیە، بەڵام هەبوون و هەن کەس یا کەسانێک کە ڕەنگە ئەو ئاگایی و زانیارییەیان لە سەر پێگە و جێگای حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبێ یان نەیانهەوێ کە بیبینن.


حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٢ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی کە هاتوونە سەر ڕێگەی بۆ ساتێک لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەوەستاوە و لەو ڕێگایەدا بە هەزاران ئەندام و کادر و پێشمەرگەی شەهید بوون و هەر ئەوە وای کردووە کە پێگەیەکی بەهێزی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەبێ و لە ڕاستیدا ئەوی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ ئەو پێگە جەماوەرییەی حیزبی دێموکراتە. هەروەها دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی باش بەو ڕاستییە دەزانن کە هەر کات بارودۆخ بۆ بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە کوردستان لەبار بێ و حاکمییەتی ئەوان لە ئێران درزی تێ کەوێ، کوردستان بە بوونی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردی لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران ئامادەترە بۆ بەربەرەکانی و قۆستنەوەی هەل و بە دەستەوەگرتنی بارودۆخەکە.

بەڵام ئاخۆ تێرۆر دەتوانێ پێش بەو ڕەوتە بگرێ؟ ئەوە ئاسنی ساردکوتانە کە کۆماری ئیسلامی چوار دەیەیە لەسەر ئەو قەوانە کۆنە دەڕوا. چوار دەیە تێرۆر و جینایەت و کوشتار لە کوردستان ئاکامەکەی بۆ ڕێژیم ئەوە بووە کە هەستی نەتەوەیی و شعووری شۆڕشگێری و مافخوازی لە کوردستان بەردەوام ڕوو لە گەشە بووە و، حیزبی دێموکرات سەرباری هەموو ئەو زەبر و خەسارانەی لە سۆنگەی سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هەڵی گرتووە، بەڵام هەروا لە مەیدانە و هەروا خۆشەویست و جێی متمانەی هەراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

> تێرۆری دەوڵەتی کە بە دژی جیابیران و دژبەرانی دەوڵەت و نیزام بە کار دێ ناتوانی بەڵگە بێ بۆ بەهێزبوونی ئەو دەوڵەت و سیستمە سیاسییە؛ بەڵکوو دەکرێ نیشانەی لاوازی و ناسەقامگیریی ئەو دەوڵەتە بێ. دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی کە لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی خۆیدا هەر ناچار بە تیرۆری جیابیران و دژبەرانی بووبێ، ئەوپەری لاوازی و ناسەقامگیریی خۆی دەردەخا

> ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت پێش دامەزرانی ڕێژیمەکەشیان تیرۆریان بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان بەکار هێناوە و دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش لە پێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیاندا بە بڵاوی کردوویانە؛ ئەوەش بۆ بنەما فیکرییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە و لە پێکهاتەی دەسەڵاتیشدا نهادینە کراوە و جێ خراوە

## ڕاگەیەندراو لە بارەی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری هاوڕێ قادر قادری



بە ئاگاداریی هەموو لایەک دەگەیەنین کە دوابەدوای ڕووداوی تیرۆری هاوڕێ قادر قادری لە شەوی ٦لەسەر٧ی مارسی ٢٠١٨ (لە نزیک «هەرتەل» لەدەوروبەری ناحیەی شکارتە)، دەزگا ئەمنیەتی و پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پێوەندی و هاوکارییەکی چڕوپڕدا، لێکۆڵینەوە لە سەرەداوە سەرەتاییەکانی ڕووداوەکەیان دەست پێ کرد. بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەک گومانلێکراوی پێوەندیدار بەم تیرۆرە، ناسین و دەسگیرکردنی تاوانبارانی ئەسلیی شەهیدکردنی قادر قادرییان لێ کەوتەوە.

بەم جۆرە ڕای دەگەیەنین کە هەتا ئێستا ٥کەس لە تاوانبارانی ئەم کەیسە، لە نێویاندا داڕێژەری پیلانەکە و جێبەجێکەرانی(کە ٤ کەسیان خەڵکی باشووری کوردستان و یەکێکیان لە ئەسڵدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە) بە هۆی دەزگا ئەمنیەتییەکانی هەرێمی کوردستان گیراون. داڕێژەری پیلانەکەش دانی بەوەدا ناوە کە بە داوا و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای سیخوڕی و مرۆڤکوژی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەخشەی ئەم تیرۆرەی داڕشتوە.

ئێمە وێڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ هەوڵی دەزگا ئەمنیەتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بە دواداچوون و دەسگیرکردنی تاوانباران، داوامان ئەوەیە قۆناغەکانی دیکەی کاروباری ئەم کەیسە و یەک لەوان دادگایی و سزادانی تاوانباران، بە خێرایی و هەر بەم جیددییەتە جێبەجێ بکرێ.

چاوەڕوانیشمان لە حکوومەتی هەرێم، خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و هەر وەها کوردانی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان ئەوەیە وشیاری پیلانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن و، با بە هەوڵی هەموو لایەکمان نیازە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە لە دژی هەرێمی کوردستان و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات لەو بەشە، پووچەڵ بکەینەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**سکرتاریا**
**٢٠١٨/٣/١٩**
**١٣٩٦/١٢/٢٨**

## تیرۆری کادرێکی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کورستان




بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی، میدیاکان، و دەزگا پێوەندیدارەکان دەگەیەنین کە شەوی سێشەمە لە سەر چوارشەمە ٦لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، (١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، هاوڕێ قادر قادری، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە ماشێنی خۆی بە سەردانێک چووبووە مێحوەری بالیسان_ چوارقوڕنە، بە داخەوە درەنگانی شەو دەدرێتە بەر دەسڕێژ و تەرمەکەی کە زیاتر لە ٢٠ گوللەی وێ کەوتووە، لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیک گوندی "هەرتەلێ" دۆزراوەتەوە. دەردەکەوێ کە ناوبراو لە دەرەوەی ماشێنەکەی دەسڕێژی لێ کراوە. تەرمی شەهید قادر قادری لەلایەن پۆلیس بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە ڕاگوێزراوە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە هەم لە لایەن پۆلیس و هەم لە لایەن دەزگای ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەستی پێ کردوە.

بە سەرنجدان بە ڕابردووی درێژی تێکۆشانی قادر قادری لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و بە ئاگاداری لەوە کە ئەو کادرە ناسراوەی حیزبی دیموکڕات کێشەی شەخسیی لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێک نەبووە، هەر وەها بە وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە کۆماری ئیسلامی لە دوو ساڵی ڕابردوودا، چەندین پیلانی تیرۆریستیی لە هەرێمی کوردستان لە دژی بنکەکان و تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بەڕێوە بردوون، ئێمە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەکرێگیراوەکانی بە ئەنجامدەری تێرۆری ئەو تێکۆشەرەی حیزبمان دەزانین.

وێڕای بەداخبوونمان لە شەهیدبوونی ئەو تێکۆشەرە بە وەجەی حیزبی دیموکرات و هاوخەمیمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی، زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕووداوەکە، هەر وەها لە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید قادر قادری، نوێترین قوربانیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، لە بەیاننامەکانی داهاتوودا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەنین.

**سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**پێشنیوەڕۆی ٢٠١٨/٠٣/٠٧**

# لە نەورۆزی جامانەکانەوە بۆ نەورۆزی جامانەکان

## (تێپەڕین بەسەر چەند ڕووداوێکی گرینگی ١٣٩٦ لە کوردستان)



سمایل شەڕەفی

ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵێکی پڕ لە ئەزموون، پڕ لە چالاکی و لە هەمان کاتدا پڕ لە هەزینە بوو. ساڵێ کە ڕابرد بە حوکمی چەند ڕووداوێکی سرووشتی و سیاسی، ساڵێکی تا ڕادەیەک جیاواز لە ساڵانی دیکە بوو کە، سەرەڕای بەردەوامیی سیاسەتی کوشت و کوشتار و سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ساڵێک بوو پڕ لە ڕووبەڕووبوونەوەی مانادار و هەستانەوە کە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین کورتە ئاوڕێکیان لێ بدەینەوە.



### نەورۆزی جامانەکان

نەورۆزی جامانەکان سەرەکیترین پێناسەی هەڵوێست و چالاکیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ٩٦ی هەتاویدا توانی، یەکگرتووانە مانایەکی دیکە بە نەورۆز و ئەم دەرفەتە نیشتمانی و نەتەوەییە لە کوردستان ببەخشێ. خەڵکی شار و ناوچەکانی کوردستان لە سەر داوا و ڕاسپاردەی کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان، لە ڕێوڕەسمە نەوورۆزییەکاندا بە بەکارهێنانی جامانە و بەڕێوەبردنی کارنەڤاڵی هەزاران و دەیان هەزار کەسی، بۆ جارێکی دیکە نەورۆزیان کردەوە بە دەرفەتێک بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتیخوازی و بەردەوامبوون لە سەر ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانیان. لەم دەرفەتەدا خەڵکی کوردستان هەموو پێکەوە و یەکگرتووانە بەبەکارهێنانی جامانە لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا، پێناسە و مانایەکی دیکەیان بەم ڕێوڕەسمانە و خودی نەورۆز بەخشی.









### تێرۆری ١٧ی جۆزەردان و پیلانی ناشیرینکردنی کورد

هەر چەند مانگ دوای ئەم کارنەڤاڵە پڕ لە ڕەنگ و جوانییانە کە پەیامەکانی پێکەوەبوون، ئاشتیخوازی، مافخوازی، ژیاندۆستی و ژیانەوەی تێدا بڵاو کرایەوە، دەسەڵاتی دژ بە کورد و پەیامە ئاشتیخوازانەکەی، هەوڵی دا بە زەقکردنەوەی «کوردبوون»ی چەند تێرۆریستێک کە لە ١٧ مانگی جۆزەردانداا هێرشیان کردە سەر پارلمانی ئەم وڵاتە لە تاران، خەڵکی کوردستان بە شەڕاژۆ و تێرۆریست! بەدناو بکا. ڕێژیم کە دەیهەویست لە سۆنگەی ئەم پیلانەی خۆیەوە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان بە تێرۆریست ناو ببا، هەر زۆر زوو لە لایەن خەڵکی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردەوە بە مەحکوومکردنی ئەم کردەوە تێرۆریستییە و پێداگرییان لە سەر مافە ئینسانی و دێموکراتیکە نەتەوەییەکانی خۆیان، وڵامی شیاوی خۆی وەرگرتەوە.

### هەڵوێستی خەڵک بەرانبەر بە سیاسەتی میلیتاریزەکردنی کوردستان و کوشتنی کۆڵبەران

ئەمساڵیش هەروەک جاران و بگرە زیاتریش ڕێژیم لە سەر بنەمای ڕوانینی ئەمنیەتی خۆی بۆ کوردستان و پرسە ڕەواکەی، بە بیانووی جۆراوجۆر هەوڵەکانی بۆ میلیتاریزەکردنەوەی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی کۆنە پایگا و شوێنە سەربازییەکانی و بنیاتنانی چەندین شوێنی گەورە و چووکەی نیزامیی تەیار بە چەک و چۆڵێکی زیاتر لە هەمیشە خستەوە گەڕ. لەم پێوەندییەدا و بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان کە ژیان و گوزەرانی زۆرێک لە خەڵکی کوردستان بە هۆی بیکاری و بێدەرەتانییەوە بەندە بەم سنوورانەوە، هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم فشاریان بۆ سەر کاسبکاران، بەتایبەت بۆ سەر کۆڵبەرانی زیاتر کرد.

سەرەڕای بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک کەمپەینی بەربڵاو لە لایەن چالاکان و خەڵکەوە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ سەر کۆڵبەران و تەقە لێکردن و کوشتنیان و سەرەڕای هاواری بەشێک لە نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کوشتنی کۆڵبەران، بەڵام دیسانیش لە ساڵی ٩٦ی هەتاویدا بەدەیان کەس لە کۆڵبەرانی وڵات لە ئاکامی تەقەی هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا گیانیان لێ ئەستێندرا. لەم پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە کوژرانی دوو کۆڵبەر لە ناوچەی بانە بکەین کە ڕۆژی ١٣ی خەرمانانی ٩٦ تەرمەکانیان ڕادەستی بنەماڵەکانیان کرایەوە و دواتر ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی شاری بانە و چەند شارێکی دیکەی لێ کەوتەوە.

هەڵوێست و ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی شاری بانە و چەند شارێکی دیکەی وەک سنە و سەقز لەم پێوەندییەدا، لە لایەن خەڵکەوە کرایە دەرفەتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر بە سیاسەتی کوشتار و سەرکوتی دەسەڵاتی سیاسیی تاران لە کوردستان و مەحکوومکردنی کوشتنی کۆڵبەرانی بێدەرەتان کە لە نەوعی خۆیدا بێوێنە بوو.

### هەڵوێستی نەتەوەیی خەڵک بەرانبەر بە بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان

یەکێکی دیکە لەو ڕووداوانەی کە لە ساڵی ٩٦ی هەتاویدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا، بوومەلەرزەکەی شەوی ٢١ی خەزەڵوەری ئەزگەلەی کرماشان بوو کە وێڕای کارەساتێکی گەورەی ئینسانی، کۆمەڵێک حەرەکەتی جەماوەریی جێی سەرنجی بەدوای خۆیدا هێنا.

هەر دوای تێپەڕینی چەند کاتژمێر بە سەر بڵاوبوونەوەی هەواڵی کەوتنەوەی بوومەلەرزەکەی کرماشان، لە تەواوی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، شەپۆلێکی بەرین لە کۆکردنەوەی پێداویستیی جۆراوجۆر بۆ خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی کرماشان وەڕێ خرا و بە هەزاران کەس لە چالاکانی مەدەنی بە وەڕێخستنی ناوەندەکانی کۆکردنەوەی شت و مەکی پێویست و ڕێکخستنیان بە مەبەستی گەیاندنیان بە بوومەلەرزەلێدراوان کەوتنە خۆ. ئەوەی لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا لە کوردستاندا بینیمان، جۆرێک لە خۆڕێکخستنی مەدەنی_کۆمەڵایەتی بوو کە تا ئێستا نموونەی لە کوردستاندا نەدیتراوە.

هەڵمەتی هاوکاریی خەڵک و هیمەتی ڕێکخستنی ئەم هاوکارییانە لەلایەن چالاکانی مەدەنی و گرینگتر لە هەمووی، شێوازی بەڕێکردنی ئەم هاوکارییانەی خەڵک بۆ ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکانی پارێزگای کرماشان و ڕادەستکردنیان، دەریخست کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەنیا توانیویەتی کاریگەریی خۆی دابنێ، بەڵکوو توانیویەتی متمانەی ئەم کۆمەڵگەیەش وەدەست بهێنێ. هەروەها لە سەر ئاستی گشتی، هەڵوێستی کۆمەڵگەی کوردستان بەرانبەر بەم ڕووداوە، دەریخست کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی بەرزی هەمگەرایی نەتەوەیی و ئینسانی دایە.

جێی خۆیەتی لێرەدا بە شانازییەوە یادی شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی، شۆفیری خۆبەخشی خەڵکی شاری بۆکان بکەینەوە، کە لە کاتی بەڕێکەوتنی کاروانی هاوکاریی خەڵک بۆ کرماشان لە ڕێگا بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لە دەست دا.

### پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە باشوور

ڕووداوێکی دیکەی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەوە شانازییەکی دیکەیان بە هەڵوێستی نەتەوەیی خۆیان زیاد کرد، بەڕێوەچوونی پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە باشووی کوردستان بوو. لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵک بۆ دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان لە پرسی ڕێفراندۆم، ڕۆژی ٣ی ڕەزبەر ڕژانە سەر شەقامەکان و شادی و خۆشحاڵیی خۆیان بەم بۆنەوە دەربڕی. خەڵک هاوکات لەگەڵ دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان لە پرسی ڕیفراندم، وەک هەمیشە ئەم مەجالەیان کردەوە بە دەرفەتێک کە ویست و داواکانی خۆیشیان بەرانبەر بە دەسەڵات لە تاران بهێننە گۆڕێ و لەم دەرفەتەدا بۆ جارێکی دیکەیش ناڕەزایەتیی بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسینی ڕێژیم لە تاران دەرببڕن.

هەرچەند بەداخەوە پڕۆسەی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی، هێندێک ڕووداوی ناخۆش، شکست و نسکۆ و لەدەستچوونی دەسکەوت و خاکی بەدواداهات و ئاوات و ئارەزووی خەڵکی باشوور کاڵ بووەوە، بەڵام هەڵوێست و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پرسە ڕەوا نەتەوەیی و نیشتمانییە، بۆ هەمیشە بە بەرزی یادی لێ دەکرێتەوە. هەڵوێستێک کە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێچووی زۆریشی هەبوو؛ چونکی سەبارەت بەو هەڵوێست و حەرەکەتانە لە ماوەی کەمتر لە یەک حەوتوودا بە سەدان کەس لە خۆپێشاندەران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە زۆربەی شارەکاندا گیران و بانگ کرانە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم زۆربەی ئەوان سزای زیندانیان بەسەردا سەپا



### خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانبار

خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانبار دژ بە دەسەڵات و نیزامی دیکتاتۆری کە زۆر لە شارەکانی ئێرانی گرتەوە و تەواویەتی نیزامی کردە ئامانج و تا ئێستایش ناوەناوە هەر درێژەی هەیە، یەکێکی دیکە لەو ڕووداوە گەورانە لە ئاستی ئێراندا بوو کە لە ڕیزی ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ٩٦ی هەتاویدا جێ دەگرێ. لەم ڕووداوانەدا کە چەند شارێکی کوردستانیشی وەک کرماشان، ئیلام، کامیاران و سنە گرتەوە، کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستمایەبوون و تەنانەت چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازیشی چ لە سەر ئاستی لایەنەکانی دەسەڵات لە نێوخوی ڕێژیم لە تاران و چ لە نێو بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا لێ کەوتەوە. بەڵام ئەوەی دەکرێ وەک خاڵی بەهێزی ئەم ناڕەزایەتییانە ئاماژەی پێ بکرێ، بەردەوامیی ئەم ناڕەزایەتییانەیە کە بەبێ ئەوەی هیوای بڕیبێتە باڵێک لە باڵەکانی دەسەڵات، تەواویەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردۆتە ئامانج و پێناسەی «پێکهاتە شکێن»ی بە خۆوە گرتووە.

### پێکهێنانی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»

هەر لە سۆنگە ئەم ئاڵوگۆڕانە و هەستکردن بە هەستیاربوونی دۆخی سیاسیی لە ئێران و خۆئامادەکردنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر پێشهاتێکی سیاسی و پاراستنی قورسایی پرسی کورد لە ئێران؛ لە دوایین مانگەکانی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی و دوای زەمەنێک پێکەوە دانیشتن و دیالۆگ، لە ئاکامدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (پێنج لایەنی: حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران) لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، بڕیاریان لە سەر پێکهێنانی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»دا.

پێکهێنانی ئەم ناوەندە لە مێژووی کاری هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەسکەوتی باش و دڵخۆشکەرە کە دەتوانێ ببێتە بناغەیەکی باشتر بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی کە بتوانێ زۆرترینی هێز و لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و کار لە سەر قورسایی و شوێندانەریی کورد لە پڕۆسەی سیاسیی داهاتووی ئێراندا بکا.



### دیسان بەرەو نەورۆزی جامانەکان

ئێستا کە لە سەری ساڵی نوێی ١٣٩٧ی هەتاوی نزیک دەبینەوە و دەرفەتێکی دیکەی وەک نەورۆزمان لە پێشە، دیسان وابڕیارە خەڵکی کوردستان نەورۆزی ئەمساڵیش بکەنەوە بە دەرفەتێک بۆ بڵاوکردنەوەی پایەمی ئاشتەوایی پێکەوەبوون. ئەمساڵیش وەک ساڵی ڕابردوو جامانەکان و هەورییەکان دەبنەوە بە ئاڵای دەستی کچان و کوڕانی کوردستان و هەموو پێکەوە پەیامەکانی: یەکریزی، یەکبوون و پێکەوەبوون بڵاو دەکەنەوە.

## سەعید بەگزادە:

# بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتان ڕێخۆشکەر بووە بۆ بەردەوامیی تێرۆریسمی کۆماری ئیسلامی

دوای ڕووداوی تێرۆری شەهید قادر قادری بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دوابەدوای تێرۆر و شەهیدبوونی سەباح ڕەحمانی لە هەولێر و لە ماوەی دوو حەوتوودا ڕوویان دا، ژووری «بۆ ڕۆژهەڵات» لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام تێلگەردێکی بەبەشداریی سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ باس لەسەر تێرۆر و سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بزووتنەوەی کورددا پێک هێنا. «کوردستان» پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی ئامادە کردووە و دەیخاتە بەر سەرنجی ئەوان:

**دیمانە: شلێر باپیری**



**کاک سەعید تەوژمێکی نوێ بەرامبەر بە شۆڕشگێڕانی کورد بە تایبەت دێموکراتەکان لە هەرێمی کوردستان دیسان دەستی پێکردۆتەوە. ئایا گۆڕانکارێک ڕوویداوە کە تاران سیاسەتی تیرۆری لە باشوور چالاک کردۆتەوە؟**

لەپێوەندی لەگەڵ پرسیارەکەتدا هەروەکوو بۆ خۆت ئیشارەت پێکرد، دەوڵەتی ئێران لە واقیعدا و لەحاڵی حازردا هیچ دەوڵەتێکی لە حەدی ڕقیبیی خۆیدا نیە بۆ کردوە تیرۆریستییەکانی، دەگەڵ ئەوەش پێم باشە ئیشارە بە خاڵێکی دیکەش بکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە حکوومەتەکانی پێش کۆماری ئیسلامیش لە ئێران ئەم سیاسەتەیان هەر بووە و و تیرۆر و تۆقاندن بەشێک لە بەرنامەکانی سەرکوت و کوشتاریان بووە. واتا مێژووی تیرۆر لە ئێران بەدەست دەوڵەتەکانی ئێران زۆر بۆ کۆن دەگەڕێتەوە. زۆر پێش حکوومەتی ئیسلامیش سیاسەتی تیرۆر و کوشتن و قڵتوبڕ و توقاندن لە ڕۆژەڤی بەرنامەی کاری دەوڵەتەکانی پێشووی ئێرانیشدا بووە و ئەوکاتیش کورد بەداخەوە لە ڕیزی پێشەوەی قوربانیانی تیرۆر و کوشتندا بووە. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە ئێستا ڕاستە کۆماری ئیسلامی لە پاش تیرۆری مێکۆنووس و دادگایی مێکونووس هێندێک لەو حەرەکەتانەی ڕاگرتبوو،و بەتایبەت ڕوو بەدەرەوە هەوڵی دەدا سیمایەکی دیکە لە خۆی پیشان بدا، بەڵام ئەگەر بڕوانین بۆچی ئەم تیرۆرانەی چالاک کردۆتەوە دەکرێ ئیشارە بەوە بکەین کە کردەوەکانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕەنگدانەوە یا دژ کردەوەیەکن کە لە موقابیل حەرەکەتەکانیدا لە نێوخۆ ڕوو بە دەرەوە نیشانی دەدا. واتا کۆماری ئیسلامی زیاتر هەوڵ دەدا کێشەکانی نێوخۆیی ئێران وەک ناڕەزایەتیی خەڵک کە لە مەیدان و لە شەقامەکاندا ڕوو دەدەن، ئەو باسانە و سەرنجەکان بگوازێتە بۆ دەرێ تا لەلایەک هەم داخڵی پێی ئارام کاتەوە، هەم کێشە و باسەکان لە نێوخۆڕا بگوازێتەوە دەرەوەی سنورەکان و، لەلایەکی دیکەش بەو شێوەیە بتوانێ هەڵسوکەوت و کۆنترۆڵی هێزەکانی موخالیفی خۆی بکا. واتا تا ئەو جێگایەی بۆی بلوێ هەوڵ دەدا لە تۆقاندن و لە کوشت و کوشتار لە ئیعدام و تیرۆر ئیستفادە بکا بۆوەی خەڵکی پێ بتۆقێنێ.

ئەو تێرۆرانەی ئەم دواییانەش کە لە باشوری کوردستان کراون، پەیوەندییان بەم چالاکییانەی ئەو ماوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە و حکومەت پێی وایە بەم جۆرە دەتوانێ، ڕێگای چالاکییەکان لە نێوخۆ بگرێ. لەلایەکی دیکەشەوە لە باشووری کوردستان بەداخەوە پاش ڕووداوەکانی کەرکووک بۆشاییەکی سیاسیی زیاتر بۆ نفوز و چالاکیی کۆماری ئیسلامی کراوەتەوە و مەیدانی تەڕاتێن بۆ کۆماری ئیسلامی بەرینتر بۆتەوە.

**کاک سەعید فەرمووت دادگای مێکونووس بووە هۆی خاوکردنەوەی ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی. ئێستا لێرە لە دەرەوەی وڵات چۆن دەکرێ ڕێگا نەدرێ بە کۆماری ئیسلامی کە ئاوا ئاسان درێژە بە پیلانە تێرۆریستییەکانی بدا؟**

ئاگادارکردنەوەی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و، وڵات و دزگاکانی پێوەندیدار بە پێشگیری یا بڵێین دەوڵەتان بۆ ئەوەی فشارێک بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی؛ وەک ئاگادارکردنەوە باسێکە و، وەک وریاکردنەوە و ڕێگرتن لە تێرۆر باسێکی دیکەیە کە دەکرێ بەجیا قسەیان لەسەر بکەین. ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوە ئەو بەشەی لانیکەم چاکمان کار لەسەر کردووە و بەشی پێوەندییەکانی حیزب لەو بارەوە زۆر چالاک بووە. بەڵام ئەوەی دیکە پێوەندیی بە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی سیاسی و پێوەندیی دیپلۆماتیک هەیە لە نێوان ئێران و وڵاتاندا کە ئایا مەسەلەن ئوڕووپا، ئامریکا یا وڵاتەکانی دیکەی دەوروبەر چەندە ئامادەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە مەترسی باوێن یا دوورکەونەوە لە قازانج و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان و، وەدەنگ بێن. ئەو بەشە بۆ خۆی بەستراوەتەوە بە زۆر پاڕامێتر و فاکتوری دیکە کە ئاوا ڕاحەت ناتوانین ئێمە کاریگەریمان لەسەریان هەبێ. بۆخۆتان دەزانن و هەموو دونیا دەزانێ کە لانیکەم لە ئاڵمان، دادگای ئاڵمان تا ئەو جێگایە ڕۆی کە ڕێبەرانی هەرە سەرووی کۆماری ئیسلامی کە بڕیادەری تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بوون، ئەو دادگایە بە تاوانباری ناساندن و حوکمی لەسەر دان. بەڵام دواجار ناچارن بەشی زۆری وڵاتان کە تەنانەت سەرەتا باڵوێزخانەکانی خۆشیان داخست و، باڵوێزەکانیان لە تاران کشاندەوە، دوایە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان کێبرکێی گەڕانەوەیان هەبوو بۆ تاران. دیارە بەو حاڵەش ئێمە دەبێ هەوڵەکانمان زیاتر بن و فشارەکانمان لەسەر ئەو بابەتە بخەینە سەر یەک.

**کاک سەعید کاری بەڵگەیی بۆ کۆکردنەوە و بە دێکۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوە؟ ئێوە لەو بارەوە چیتان کردوە؟**

کۆماری ئیسلامی کارنامە تێرۆریستییەکەی هێندە ڕوون و هێندە بەڵگەنەویستە کەو لەو بارەوە پێویست بە توێژینەوە و بەدواداچوون و خۆماندووکردنی زۆر نیە. ئێمە دەوڵەتێک لە دونیادا شک نابەین بە قەرا کۆماری ئیسلامی تیرۆری کردبێ و دەستی لە تیرۆردا هەبێ و دەستی لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان و کردەوە تێرۆریستییەکان لەو وڵاتانەدا هەبێ . ئێمە وەک خۆمان و وەک حیزبی دێموکرات لەو بارەوە ئەوەندەی بۆمان کراوە وردەکاریی کوشتار و تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کورد و حیزبی دێموکراتمان کۆکردووەتەوە و بەڵگەمەندمان کردوون. هەر بۆ نموونە عەرزی جەنابت بکەم کە نیزیک بە ٤٠٠ کەس لە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧١ هەتا ١٣٧٦ واتا لە ماوەی ٧ ساڵدا بەدەست کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراون کە بەشی زۆری وردەکارییەکانی ئەو تێرۆرانەمان بە تەواوی هەن. ئاماری ئەوەشمان هەیە کە لە ئوروپا، لە ئەمریکا، لە فیلیپین، پاکستان، لە هیندوستان، لە ئیمارات، قبریس، ژاپن و تورکیەشدا کۆماری ئیسلامی تیرۆری کردوە و لەوانە ئێمە ئاماری ٦٠ کەسمان لە بەردەستدا هەیە.

**کاک سەعید تومەتبارانی ڕووداوەکەی شەوی یەلدا بێتاوان دەرچوون، هێرشی تیرۆریستی بەرامبەر حدکا کرا و سەباح ڕەحمانی شەهید بوو، دواتریش کە شەهید قادر قادری تێرۆر کرا. ئەوانە لە ڕووی کات و بابەتەوە پێکەوە پێوەندییان هەیە؟**

ئەمن پێم خۆشە شتێک ڕاست کەمەوە، ئەوانەی لە پەروەندەی تێرۆری شەوی یەلدا بەردراون بێتاوان نین. ئێستاش لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوانە تاوانیان لەسەرە، بەڵام ئەوەی کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕوانگەی خۆیانەوە دەلیلی کافی بۆ ڕاگرتنی ئەوان نابینن ئەوە باسێکی دیکەیە. ئەوان شێوەی کار و ڕۆتینی کاریی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە ئێستاش ئەوانە لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگبێ ئەسڵی ئەو کەسەی کە تیرۆرەکەی کردووە و جینایەتەکەی خوڵقاندوە نەبن، بەڵام هاوکار و هاودەستیان بوون، بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئێستاش ئەوانە تاوانبارن و کاری دادگاش هێشتا بە یەکجاری تەواو نەبووە و پەروەندەکەش دانەخراوە. ئەوەش کە هەر بەدوای بەردانی ئەو چەند کەسەدا دوو تیرۆری دیکە کراون و پێوەندییان بەیەکەوە هەیە یان نا، دەبێ بڵێم، هیچ حەرەکەتێکی کۆماری ئیسلامی بێ بەرنامە نیە. هەموو تێرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ یەک مەبەستە و ئەویش بەقا و مانەوەی ڕێژیمە و هەموو ئەو تیرۆرانەش بە یەکەوە بەستراونەوەتە و بە پێی بەرنامە دەکرێن.

**کاک سەعید پێشتر گوتراوە کە چەند حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاروباری ئەمنییەتی پێوەندی و هاوکارییان هەیە، بەڵام ئایا ئەوە دەتوانێ بە تەنیا وەڵامدەر بێ ئەگەر ناوەندە ئەمنیەتییەکانی هەرێمی کوردستان هاوکاریی ئەو لایەنانە نەکەن؟**

ئەو پرسیارە دەکرێ دابەش بکەین بە دوو بەش، ئەوەی ئێمە وەک خۆمان چ دەکەین و لایەنێکی دیکەش وەکوو باست کرد داموودەزگا ئەمنیەتییەکانی باشووری کوردستانن کە چۆن لە بەرامبەر جموجۆڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەم پارچەیەی کوردستاندا بەرنامە و پلانیان چیە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمە وەک هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە هەموو لایەکمان لەوە گەیشتووین کە بەو بارودۆخەی نوێیەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەداخەوە مەیدانێکی کراوەتر لە جاران بۆ کۆماری ئیسلامی و بۆ حەرەکەتە تیرۆریستییەکانی ڕێژیم کراوەتەوە. ئێمە دەبێ هاوکاریمان لەگەڵ یەکتر زیاتر بێ و وردتر ئاگامان لە جموجۆڵی دوژمن بێ. بەشەکەی دیکەی دەگەڕێتەوە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و داموودەزگاکانی دژە تیرۆر و زانیاری و پاراستن، کە ئەمن پێم وایە ئەو هێزانەش هەم بۆ پاراستنی ئیقتداری خۆیان و هەم بۆ پاراستنی کەڕامەتی سیاسیی کورد لەو پارچەیەدا و، هەم بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەم وڵاتە خاوەنی خۆی هەیە و پێوەندیی سیاسی و ئابووریی نێوان دوو وڵات بەمانای تەڕاتێنی لایەک لە خاکی لایەکەی دیکە نیە و، ئەوانیش کاری خۆیان دەکەن و بۆیە پێم وایە ئەوانیش دەبێ حەد و سنوورێکی زیاتر بۆ کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی دابنێن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا پێداگریی زۆری لەسەر خەباتی مەدەنی کردووە. ئێستاش پێتان وایە بەرامبەر بەو ڕێژیمە دەبێ کار لەسەر خەباتی مەدەنی بکرێ یان بە گوشاری چەکداری بەرەوڕووی ببنەوە؟**


لەسەر ئیجازەت دەڵێم پرسیارەکەت کەمێک ئاڵۆزە و ناکرێ کاری سیاسی و سەربازی لە بەرامبەری یەکتردا ڕابگیرێن. ویستی کورد ویستێکی سیاسییە و کورد بۆ گەیشتن بەو ماف و ویستە هەموو مێتۆدەکانی خەبات ڕەچاو دەکا و کردوویەتی. سیاسەتی خەباتی مەدەنی و خەباتی پێشمەرگانە لە هەموو مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بووە و ئەوەی کە دەفەرمووی لەو ساڵانەی ڕابردوودا زیاتر قسەی لێ کراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو ساڵانەدا ئەو بابەتانە زیاتر مەوزووع بوون. ئەساسەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە و لە بنەڕەتدا قەناعەتی لەسەر ئەوە بووە کە بۆ گەیشتن بە مافە سیاسییەکانی خۆیان، بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان ڕێگای دیالۆگ و وتووێژ و سازان و ڕێککەوتن ڕەچاو بکا و خۆی لە توندوتیژی و شەڕی چەکداری بەدوور بگرێ. بەڵام ئەوە تەنیا ئێمە نین کە شێوەی خەبات دیاری دەکەین و بەداخەوە بەپێی بارودۆخی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، کورد زۆر کەم دەتوانێ لەسەر مێتود و شێوەکانی خەباتی خۆی بڕیار بدا و بە داخەوە تا ئێستا زیاتر ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا بەش بووە و یەک لەوان ئێران و کۆماری ئیسلامی، بەداخەوە زیاتر ئەوان مێتودی خەباتیان بەسەرماندا سەپاندووە. ئێمە لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە باوەڕمان وابووە و هەوڵمان ئەوە بووە کە ڕێگای وتووێژ بگرینە بەر. هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردمان پێک هێنا و هەوڵماندا لە ڕێگای دیالۆگ و سازانەوە بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆمان بگەین، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو زەرفییەتەی تێدا نەبوو بۆیە شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاند و ئێمەی ناچار کرد بۆ بەربەرەکانی و بۆ پاراستنی خۆمان و بۆ مانەوەی خۆمان دەست بۆ چەک بەرین. لە داهاتووشدا ئێمە تەواوی ئەو ڕێگایانەی کە بۆگەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمان دەبێ ڕەچاویان بکەین، هیچیان لە دیدی ئێمە و لە بەرنامەی ئێمە لە پرۆژەی ئێمەدا وەلا نانرێن. باوەڕمان بەوەش بووە کە لە گرتنەبەری هەر مێتۆدی خەباتدا ئەوەندەی دەکرێ دەسکەوتەکان زیاتر و زیانە ئینسانییەکان کەمتر بن، بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێی وابێ بە کوشت و کوشتار و بەشەڕ دەتوانێ پێش بە ویستەکانی ئێمە بگرێ ئەو خەیاڵەش خاوە و ئەگەر قەرار بێ ڕۆژێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان زیاتر لەوەی کە ئێستاش هەزینەمان داوە پێویست بێ هەزینە بدەین، لەوە دڕیغی ناکەین.

**ئایا سیاسەتی تێرۆر بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتی بووە و تێکۆشەران و شۆڕشگێرانی کوردی تووشی ترس و تۆقاندن و پاشەکشە کردووە؟**

ئەگەر کورد لە کوژران ترسابا دەبوو زۆر پێش ئێستا لە خەبات دەستی هەڵگرتبا کاتێک سمایل ئاغایان دەکوشت و تیرۆر دەکرد، کاتێک پێشەوایان لەدار دا، کاتێک ڕێبەرانی دیکەی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیعدام دەکرد و لەزیندانەکانیان دەهاویشتن، کاتێک دوکتور قاسملوویان تیرۆر کرد، کاتێک دوکتور سەعیدیان شەهید کرد و کاتێک ئەو هەموو کادر و پێشمەرگەی ئێمەیان گرت و لە باشووری کوردستان و شوێنەکانی دیکە تیرۆریان کردن؛ ئەگەر لەوە ترسابایین زۆر لە مێژ بوو دەبوو ئەو مەیدانەمان چۆڵ کردبایە وخەباتمان بەجێ هێشتبایە. نەخێر کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە سەرکەوتووو نەبووە و، دەبینی هەتا یەکمان لێ شەهید کراوە دەیان نەفەری دیکە هاتوونە نێو مەیدانەکە؛ بۆیە ئەم کوشتنانە و ئەم ترس و وەحشەتەی ئەو پێی وایە دەتوانێ لە ڕێگەیانەوە خەباتەکەی پێ کز بکا و خەڵکەکەی پێ بتوقێنێ و لە میدان بەدەری بکا؛ خەیاڵێکی خاوە و بۆی سەر ناگرێ. بەڵام لە عەینی حاڵدا ناکرێ حاشا لەوەش بکەن کەسانی گەورە مەسەلەن وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی کە تیرۆر دەکرێن و شەهید دەبن بێگومان لەسەر کۆی بزووتنەوەکە شوێندانەر دەبێ و کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام بۆ لە مەیدان دەرکردن و بۆ توقاندن و بۆ ترس دروستکردن بە هیچ جۆر وانیە.

# مەحکومکردنی تێرۆری شەهید قادر قادری لە پەیامی

## قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



**بەڕێز سکرتێر و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بە داخ و پەژارەوە، هەواڵی تێرۆرکردنی فەرماندە و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک «قادر قادری»مان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی حیزبەکەتان و کەسوکار و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

تێرۆرکردنی خوالێخۆشبوو هاوڕێ قادر، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان مایە نیگەرانیی هەموو لایەکمانە. ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دڵنیاتان دەکەینەوە هەموو لایەنە ئەمنیەکانمان ڕاسپاردووە کە بە زووترین کات ئەنجامدەرانی ئەو کردەوەیە دەستگیر بکەن و ڕادەستی دادگایان بکەن بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت.

لە پەروەردەگاری مەزنمان داوایە گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، سەبووری و دڵنەواییش بە خانەوادە و خزمان و دۆستانی کۆچکردوو ببەخشێت. ئۆمێدەوارین ئەمە دواناخۆشیان بێ.

انا لله و انا الیه راجعون

**قوباد تاڵەبانی**
**جێگری سەرۆک وەزیران**
**٧ی ئاداری ٢٠١٨**

---

## فڕاکسیۆنی گۆڕان لە پارلمانی کوردستان

**ئیدانەی تێرۆری کادیرەکانی حیزبی دێموکرات دەکەین**

بەناوی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئیدانەی تیرۆرکردنی کادیری حیزبی دیموکراتی کوردستان قادر قادری دەکەین، لە هەمان کاتدا ئیدانەی ئەو کارە تیرۆرستییەش دەکەین کە ماوەی ڕابردوو لە هەولێر بەرامبەر کادیرێکی هەمان حیزب ئەنجامدرا.

داوا لە دەزگا ئەمنیەکانی هەولێر و سلێمانی دەکەین ئەنجامدەرانی ئەم دو کردەوە تیرۆرستییە بدۆزنەوە و بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەندرێن.

حکومەتی هەرێم پابەندە بە پاراستنی گیان و سەروماڵی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

**فراکسیۆنی گۆڕان**
**لە پەرلەمانی کوردستان**
**٢٠١٨/٣/٧**

## بەرەی ئەهلی سوننەتی ئێران

بەناوی خودای گەورە و دلۆڤان!

نیزامی تیرۆر و تیرۆریستپەروەری خومەینی، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بە سوودوەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆری نائیسلامی، هەوڵی سڕینەوە و سەرکوتی فیزیکی دژبەرانی خۆی داوە و دەدا.

زۆرێک لە زانایان و بانگخوازان و نوخبە سیاسییەکانی ئەهلی سوننەت هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە قوربانیی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە بوون و کۆمەڵگەی ئەهلی سوننەت شاهیدی گەورەترین قوربانییە لەو بوارانەدا.

ئێستا ماوەیەکە کۆمەڵێک کردەوەی تیرۆریستی بە مەبەستی کوشتنی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات لەلایەن نیزامی ویلایەتی فەقییهەوە دەستی پێ کردووە و دوای تیرۆرەکانی پاکستان و ئەفغانستان، لە ڕۆژانی ڕابردوودا ماشێنی تیرۆر گەیوەتە عێراق و یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تیرۆر کرد.




بەرەی ئەهلی سوننەت وێڕانی مەحکوومکردنی ئەو کردەوە غەیرە ئیسلامییە، خوازیاری جێکەوتنی زمانی دیالۆگ و لابردنی کلتووری تیرۆر و تیرۆریزمە.

بەرەی ئەهلی سوننەت چاوەڕوانی لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە بە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاترەوە بۆ دەستبەرکردنی عەداڵەت و لابردنی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ بەرەو قۆناغێکی نوێ لە چالاکییە سیاسییەکانیان هەنگاو هەڵبگرن.

**بەرەی ئەهلی سوننەتی ئێران**
**١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦**

## پارتی کرێکاران و ڕەنجدرانی کوردستان

زۆر بە داخەوە هەواڵی تێرۆرکردنی هاوڕێ قادر قادری، فەرماندە و کادری حیزبە شۆڕشگێڕەکەتانمان پێ گەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بە بەڕێزیان و تەواوی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات و خانەوادەی شەهید قادر ڕادەگەیەنین.

لە هەمان کاتدا ئەو کردەوە تێرۆریستییە شەرمەزار و مەحکووم دەکەین و داواکارین دامودەزگا پێوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین کات بکەران و ئەنجامدەران و ئەوانەی لە پشتیانن بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەنن.

هەرچەند مەرگی شەهید قادر کۆستێکی گەورەیە بۆ هەموو لایەکمان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەی، بەڵام کاروانی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان درێژەی هەیە و سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستانە. ئەم دۆخەش لە هەموو لایەکمان دەخوازێ یەکڕیز و یەکگرتوو بین تا بتوانین ڕووبەڕووی سەرجەم مەترسییەکان ببینەوە و ڕێگری بکەین لە دووبارەبوونەوەی هەر کردەوەیەکی دیکەی لەم جۆرە دژ بە گەلەکەمان.

**پارتی کرێکاران و ڕەنجدرانی کوردستان**
**مەکتەبی سیاسی**
**٢٠١٨/٣/٧**

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

وەک لە ڕاگەیەندراوی خەبەریی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە، شەوی سێشەممە لە سەر چوارشەممە ٦ لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، (١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦) قادر قادری، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا شەهید بووە و تەرمەکەی لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیک گوندی «هەرتەلێ» لە کاتێکدا ئاسەواری زیاتر لە بیست فیشەکی پێوە بووە، دۆزراوەتەوە.

هەر چەند ڕۆژ پێش بوو لە نێو شاری هەولێر دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوونە قوربانیی کردەوەیەکی تێرۆریستی کە یەک لەوان بەناوی سەباح ڕەحمانی دوای هەڵگرتنی برینی قورس بە داخەوە شەهید بوو.

پێشتریش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چەند هەوڵی دیکەی تێرۆریستی دژ بە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراون کە بەشێکیان وەک هەوڵە تێرۆریستییەکان بۆ سەر سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پووچەڵ کرانەوە و تەقینەوەکەی شەوی یەلدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەداخەوە شەهید بوونی حەوت تێکۆشەری کوردی لێ کەوتەوە.

ئێمە وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆماری ئیسلامی لە پشت هەموو ئەو تاوان و کردەوە تێرۆریستییە دەبینین، چونکی جیا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ لایەنێکی دی بە نەیار و دوژمنی خۆمان دانانێین. بە تایبەت کە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی پێشینە و ڕابردوویەکی پڕدیاری لە تێرۆری کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمدا هەیە، هەر لە تێرۆرەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی دژ بە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەدان تێکۆشەری کوردیان لێ ستاندین، هەم لە تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت تێکۆشەرانی کورد کە دواتر لە پەروەندەی تێرۆری مێکونووسدا دەزگای قەزایی ئاڵمان لە بڕیارە مێژووییەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاربەدەستانی هەرە سەرووی ئەو ڕێژیمە لە پشتی ئەو تێرۆر و تاوان و جیناتانەن کە ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات کردوونی.

ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران چ بە تاک و چ بە کۆ (کۆبوونەوەی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی کردەوەی تێرۆریستیی شەوی یەلدا) پێشتر و هەر ئەو کات ڕامانگەیاند کە نیگەرانین لەوەی تاوانی تێرۆریستیی شەوی ١ی بەفرانبار و پیلانە پووچەڵبۆوەکانی پێشتر، سەرەتایەک بێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان ببێتەوە بە مەیدانی پیلان و هەڕەشە و کردەوەی تێرۆریستیی لە دژی لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ئێستا بە داخەوە دەردەکەوێ کە نیگەرانییەکانمان لە جێی خۆیدا بووە.

ئێمە جارێکی دیکەش وێڕای مەحکوومکردنەوەی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نوێترینیان تێرۆری سەباح ڕەحمانی و قادر قادرییە؛ بە ئەرکی حکوومەتی هەرێم و سەرجەم دەزگا پێوەندیدارەکانیشی دەزانین ڕێگر بن لە جێبەجێبوونی هەڕەشە و پیلانە تێرۆریستییەکان لە دژی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان، گیرساونەوە.

هەروەها بە ئیمان بە ڕەوابوونی خەباتی کورد لە ئێران بۆ دەستەبەری مافە مەدەنی و نەتەوایەتییەکانی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە تێرۆر و هەڕەشە و تۆقاندن و سەرکوت هەنگاومان پێ شل ناکەن و لە خەبات و تێکۆشان ساردمان ناکەنەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٣٩٦/١٢/١٦**

## یەکیەتیی فیدائیانی خەڵکی ئێران

لە ماوەی یەک حەوتوودا و لە دوو کردەوەی تیرۆریستیی جیاوازدا، چەند کەس لە ئەندامان و کادر و فەرماندەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی نیشتەجێ لە خاکی کوردستانی عێراق تیرۆر کران.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی مارسی ٢٠١٨ (یازدەی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، ئۆتۆمبێلی سەلاح ڕەحمانی، یەکێک لە فەرماندە دێرینەکان و کوڕەکەی بە ناوی سەباح ڕەحمانی لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆمبڕێژ کرابوو، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان تەقێندرایەوە کە لە ئاکامی ئەو ڕووداوەدا سەلاح ڕەحمانی بە سەختی بریندار بوو و بەداخەوە سەباحی کوڕیشی بە هۆی سەختیی برینەکانییەوە چەند کاتژمێرێک دواتر و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە، گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی سێشەممە ٦ی مارسی ٢٠١٨ (پازدەی ڕەشەمەی ١٣٩٦)، قادر قادری یەکێک لە کادر و فەرماندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا بە ئۆتۆمبێلی خۆی بە سنووری بالیسانی کوردستانی عێراقدا تێپەڕیوە، کەوتووەتە بەر هێرشی گوللە و گیانی لە دەست داوە.

بەپێی بەڵگەکان و پێشینەی هەڕەشە و گوڕەشەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لە هەر دوو ڕووداودا کۆماری ئیسلامی تۆمەتباری سەرەکییە.




تیرۆری چالاکانی سیاسی و سەرجەم نارازییان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەردەوام یەکێک لەو ئامرازانەی فشاری ڕێژیم بۆ کوشتار و دروستکردنی کەشی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵکدا بووە، بێ خەبەر لەوەی خەڵک و بزووتنەوە بەربڵاوەکەی بەو کردەوە ناجوامێرانە و وەحشییانە لە جاران زیاتر لەسەر ویستەکانیان سوورترو پێداگرتر دەبن.

ئێمە داوا لە هەموو حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی نیشتەجێ لە کورستانی عێراق دەکەین کە بە هاوکاری و وشیاریی هەرچی زیاتر و هەمەلایەنەترەوە پیلانە چەپەڵەکانی ڕێژیمی خوێنڕێژ و بکوژی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکەنەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕاستەوخۆ بەرپرسی پاراستنی گیانی هەموو ئۆپۆزیسیۆنە لە کوردستانی عێراق و هیوادارین لە ئاستی بەرپرسایەتیدا بن و خوازیارین بەدواداچوون بکەن و لە دەستبەسەرکردن و سزادانی بکەرانی ئەو کردەوەتیرۆریستییەداکەمتەرخەمی نەنوێنن.

ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییانە، یادی قوربانییانی ئەو دوو ڕووداوە بەرز ڕادەگرین و وێڕای هاودەردی دەگەڵ بنەماڵە و خزم و کەسوکاری کاک سەباح ڕەحمانی و کاک قادر قادری، هاوخەمیی خۆشمان بۆ هاوڕێیانی حیزبییان دەردەبڕین. هیواداریشین هەرچی زووتر کاک سەلاح ڕەحمانی باوکی جگەر سووتاو، سلامەتی و تەندروستیی خۆی بۆ بگەڕێتەوە.

**کومیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکێتیی فدائیانی خەڵکی ئێران**
**١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦**

## موجاهیدینی خەڵقی ئێران

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لە ماڵپەڕی ناوەندیی خۆیاندا تێرۆری قادر قادری، شەهیدی نوێی حیزبی دێموکراتی مەحکوم کرد کە بە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کرا.

ڕێکخراوی موجاهیدین لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تێرۆری کاک قادر قادری، وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە، ئەو تێرۆرەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی مەحکووم کردوە.




***

# هاوخەمیی حیزب و لایەنە سیاسییە کورد و ئێرانییەکان‌دا

## شووڕای دیموکراسیخوازانیی ئێران

جارێکیتر دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی وەگەڕ کەوتەوە تا لە فەرزی مەحاڵدا پێش بە ڕووخانی دەسەڵات بگرێ. دووبارەکردنەوەی کردەوەی دزێوی تیرۆری ئینسانەکان بەدەستی بەکرێگیراوانی گوێ لەمستی کۆماری ئیسلامی بەمانای بەهێزبوون نیە بەڵکوو ئەوە نیشانەی ترس و وەحشەتێکە کە هەموو چوارچێوەی دەسەڵاتێک کە خەریکە دەڕووخێ، لەخۆی گرتووە. تیرۆری ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) سەباح ڕەحمانی کوڕی لاوی، سەڵاح ڕەحمانی کە بەهۆی مینی لاستیکییەوە لەژێر ئۆتۆمبێلەکەیدا گیانی لەدەست دا و بۆخۆیشی بەتوندی بریندار بوو؛ هەروەها قادر قادری یەکێک لە کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) کە ڕاستەوخۆ تەقەی لێ کراوە و تیرۆر کراوە. ئەم تیرۆرانە لە کاتێدا ڕوو دەدا کە حکوومەت ئاگاداری کۆتایی تاڵی خۆیەتی. حکوومەت زۆر باش دەزانێ کە یەکێک لە گرنگترین هێزەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران لە بەشی کوردستان لە هەر زەمەنێکی مێژوویدا ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبووە و درێژەی سیاسەتی سەرکوتی بۆ کۆماری ئیسلامی دژوار کردووە. بۆیە لەم قۆناغەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بەشێوەیەکی سەرانسەری و بەربڵاو چووەتە گۆڕەپانی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتییەوە، حکوومەت لە بەهێزترین خاڵەکانی ژیۆپۆلیتیکی ئێران و خەڵکێک لە ڕەگەزی ناڕەزایەتیی واتە کورد، بەلووچ، عەرەب، لوڕ و... زۆر بەتوندی لێیان دەترسێ. خەبات، بەرخۆدان و نفووزی حیزبەکانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران بووەتە ناوەندێ کە لەڕاستیدا دەتوانێ وەکو یەکێک لە خاڵەکان و ناوچەکانی دیاریکەریی چارەنووسی ئێران دابندرێ. لەخۆڕا نیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە ئاکامێکی دژوار، دەستی داوەتە تیرۆری خەباتگێران و ئەندامانی حیزبە کوردییەکان.

کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانێ بەوەگەڕخستنی تیرۆر و مرۆڤکوژی لە دەرەوەی سنوورەکان، ناتوانێ پێش بەڕووخانی دەسەڵاتە گەندەڵەکەی بگرێ. نموونەکەشی کوشتنی لاوان لە شەقامەکانی ئێران و بزووتنەوەی مانگی بەفرانبار و قەتڵوعامی زیندانیانی سیاسی بەناوی خۆکوژی، جەڵتەلێدان و یان هەر درۆیەکیتر؛ هەرگیز ناتوانێ پێش بە بزووتنەوەی بەرەوپێش و ناڕەزایەتییەکانی دژی سەرەڕۆیی بگرێ.

دەوڵەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق دەبێ لەهەمبەر کردەوەی تیرۆریستیی ئاشکرای دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، دژکردەوەیان هەبێ و بەپێی کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتی بەرگری لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران بکەن. ڕێکخراوەکان و دەوڵەتانی دیموکراتی جیهان دەبێ لەهەمبەر کردەوەگەلی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە عێراق وەکوو وڵاتی سێهەم، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی وشیاری بدەن. ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ئەم حیزبانە پەلکێشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیی بکا بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تۆمەتی هێرشی چەکدارییان بخاتە پاڵیان و خۆی لە کێشەی کردەوەگەلی تیرۆریستی ڕزگار بکا. بەم هۆیەوە دیارە کە هێڵی سەرەکی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، خەباتی سیاسی بەدژی سیاسەتگەلی دژەمرۆیی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ بووە و ئەم خەباتە بوارگەلیی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی لە سەرانسەری کوردستان و ئێراندا دۆزیوەتەوە.

شووڕای دیموکراسیخوازانیی ئێران، تیرۆری دوو کەس لە خەباتگێران و چالاکانی دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حدکا، بەتوندی مەحکووم دەکا و کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەمبەر ئەم کردەوەگەلە جینایەتکارانە بەرپرس و وەڵامدەر دەزانێ.

**شووڕای دیموکراسیخوازانیی ئێران**
**١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦**

***

شووڕای دیموکراسیخوازانی ئێران پێکهاتوو لە: «بەرەی دێموکراتیکی ئێرام»، «بەرەی یەکگرتووی بەلوچێستان»، «بزووتنەوەی هاوپێوەندیی چەوساوەکانی دادخواز»، «ڕێکخراوی سیاسی و کلتووریی گەلی تورکەمەن»، «حیزبی یەکیەتیی بەختیاری و لورستانییەکان»، «حیزبی دێموکراتیکی تەزامنی ئەهواز»، «حیزبی دێموکراتی کوردستان»، «کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران»، حیزبی گەلی بەلوچستان» و «ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگیی ئازەربایجان»

## وتاری کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران


حەسەن ڕەحمانپەنا

بەڕێزان دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و بەشدارانی ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی کاک قادر قادری!

لەلایەن کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە و لە قووڵایی دڵمانەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی هەمووتان دەکەین و بەشداری خەمتانین بۆ لەدەستدانی کاک قادر.

ڕووداوی تیرۆری کاک قادر قادری درێژەی سیاسەتێکە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و لە چەند دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕچاوی کردووە. ئەوەی کە لە دەیەی ٩٠ی زایینییدا لە هەرێمی کوردستان ڕووی دا و بینیمان کە زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە ئەندام و پێشمەرگە و کادر و تەنانەت کەسانێک کە فەقەت تاوانیان ئەوە بوو کە سنووریان بەزاندبوو و خەڵکی ئەودیو بوون و هاتبوونە ئێرە، بەڵام بە دەستی ڕەشی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران. لە دەرەوەی وڵاتیش کۆمەڵێک لە ڕێبەرانی حیزبەکان و هەروەها تێکۆشەرانی سیاسی تیرۆر کران و ئەو ڕووداوەی کە لە شەوی یەلدا لێرە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات کوردستان ڕووی دا، ئەوەی کە حەوتووی ڕابردوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ڕووی دا و، ئەوەش کە دوێنێ بە گیانبەختکردنی کاک قادر قادری ڕووی دا، هەمووی ئەوانە سەرەداوێکە کە دەچێتەوە لای کۆماری ئیسلامی. هەمووی ئەوانە تاوانێکە کە کۆماری ئیسلامی دەیکا. بەڵام ئەوەی کە بۆ ئەمڕۆکە ئەم کارە ئەکا هۆکارەکەی بۆ حەقیقەتێکی سادە دەگەڕێتەوە کە دەچێتەوە نێو کۆمەڵگەی ئێران.

دەزانین کە لە دوو مانگی ڕابردوودا کۆمەڵگەی ئێران خرۆشا و جۆش و خرۆشێکی بێوێنە دژ بە کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد. کۆماری ئیسلامی هەستی بە مەرگ کرد. کۆماری ئیسلامی یەکەم جار بوو لەو ئاستەدا و لە دوای ڕاپەڕینی ٥٧ ناڕەزایەتییەکی ئاوا بە چاوی خۆی ببینێ کە لە زیاتر لە ١٠٠ شار خەڵک درۆشمی «مەرگ بۆ دیکتاتۆر»و «مەرگ بۆ خامنەیی» و «مەرگ بۆ هەر دوو باڵەکەی کۆماری ئیسلامی» بڵێنەوە. لە کوردستاندا کۆماری ئیسلامی دەزانێ لەسەر پۆلووی ئاوڕ خەریکە دەستەڵاتداریێتی دەکا، دەزانێ لەو کۆمەڵگەیەدا حیزبی سیاسیی تێدایە کە ئیعتباریان هەیە، دەزانێ چێهرە و کادر و کەسانی تێکۆشەریان تێدایە کە خەڵک خۆشیان دەوێن. کۆماری ئیسلامی ئەو تیرۆرانەی کە لێرە کردی لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا کە درێژەی تیرۆر و جینایەتەکانی دیکەیەتی، لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیە کە ژاری چاو لە خەڵکی ڕۆژهەڵات کوردستان بگرێ، بەڵام خەیاڵی خاوە. ئەو خەڵکەی کە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕاوستاوە، ئەو خەڵکەی کە ڕۆژانە جەنازەی کوڕەکان و کچەکانیان بۆ دەبەنەوە بە ناوی ئەوە کەخۆیان کوشتوە لە زیندانەکاندا، ئەو خەڵکە دەزانن ئەو دەستە هەر ئەو دەستەیە کە کاک قادریشی کوشت، کاک قادریشی تیرۆر کرد؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی وەحشەتی هەیە لە تێکۆشەرانی سیاسی، لە خەباتکارانی سیاسی و لە هێز و لایەنە سیاسییەکان دەترسێ بۆیە جینایەتی ئاوا دەکا. هەر بۆیە دەبێ پێش هەموو کەسێک حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وشیار بین و بە هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتری و بە دەرفەت نەدان بە کۆماری ئیسلامی، بە نەهێشتنی خاڵی لاواز کە بتوانێ ئاوا وەگیرمان بێنێ؛ نابێ بێڵین ئەو جینایەتانە بکا. دەبێ هاوکاریی بکەین لەگەڵ یەکتر و بێجگە لەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بەلەدەستدانی هەر تێکۆشەرێکیان لەبەرامبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی یەکگرتوویی و وەرەیان سەد بەرابەر زیاتر بێ بۆ لە گۆڕنانی ئەم ڕێژیمە دیکتاتورە. هەروەها بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بزانن ئەمە تەعەدا و دەستدرێژییە بۆ سەر دەسەڵاتی ئەوان و دەستدرێژی بۆ سەر حاکمییەتی هەرێمی کوردستانە. بۆیە وەک لە پەیامەکەی کاک قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە و باس لە تیرۆری ئەو تێکۆشەرە دەکا؛ داوای لێ دەکەین و بە جیددی داوای لێ دەکەین کە دەستی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا کۆتا بکەن. داوایان لێ دەکەین بەر بەو تیرۆرانە بگرن و داوایان لێ دەکەین بەر بە هاتوچۆی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر و سلێمانی و شوێنەکانی دیکە بگرن کە هەمووکەس دەزانێ ئەوانن ئەو جینایەتانە دەکەن. هەروەها داوا لە خەڵکی خۆڕاگری هەرێمی کوردستانیش دەکەین کە تا ئێستا پشتیوانی هیز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران بوون کە هەر وەک پێشوو دڵسۆزانە پشتیوانمان بن و لە هەر خەبەرێک یان ڕووداوێک یا هەر شتێک کە ئاگادار دەبن، با ئێمە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانیشی لێ ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕووداوی نەخوازڕاوی دیکەی لەو چەشنە لێمان ڕوو نەدا.

جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی کاک قادر و لە هاوسەنگەرانی و لە ئێوەی بەڕێز دەکەم و هاوخەمیی خۆمانتان لەگەڵ دووپات دەکەینەوە.

یادی بەخێر بێ.

## ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راه کارگر)

تیرۆری قادر قادری دوابەدوای تیرۆری سەلاح ڕەحمانی، ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەباح ڕەحمانیی کوڕی لە شاری هەولێری کوردستانی عێراق بوو کە ئەویش ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی ڕووی دا و؛ ئەمەش نیشانەی پەرەگرتنی کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە دژ بە ڕێبەران و چالاکانی کوردی ئێرانیی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئێمە تیرۆری قادر قادری، کادر و فەرماندەی لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکەین و هاوکات بە بۆنەی لەدەستدانی ئەو کادرە لێهاتووە کوردە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قادری و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

بەدوای شکستی ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان و ئەو قەیرانە سیاسییەی کە ئەو بابەتە بەدوای خۆیدا هێنای، دەستی مۆرە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کردەوەی تیرۆریستی دژ بە هێزە کوردییە ئێرانییەکان ئاواڵاتر بووە، بۆیە وشیاریی هێزە کوردییە ئێرانییەکان بۆ پووچەڵکردنەوەی کردەوەی دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، زۆر لە جاران پێویستتر و زەرووریترە.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی!

بژی ئازادی، دێموکراسی و سوسیالیزم!

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راه کارگر)**
**١٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٦**

## یەکێتیی دێموکراتی کوردستان

بەداخەوە هەواڵی دڵتەزێنی تیرۆری کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوی کاک «قادر قادری»مان بیست. وەک یەکێتیی دێموکراتی کوردستان هاوخەمیی خۆمان بۆ لە دەستدانی ئەو شەهیدە دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید قادر قادری و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین.

کردەوەی تیرۆر لە ژێر هەر ناو و پاساوێکدا، کردەوەیەکی قیزەون و نامرۆڤانەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی سیاسەتە نگریس و ستەمکارییەکانیەوە و بۆ سەپاندنی ستەم و ترس و هەڕەشە، تیرۆر وەک چارەسەر بەکار دێنێ و هیچ سڵ لە کەڵکوەرگرتن لەو کردەوە قیزەونانە ناکاتەوە و چوار دەیە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پڕە لە کردەوەی تیرۆر و وەک دەوڵەت ماهییەتێکی تیرۆریستیی هەیە.

وەک یەکێتیی دێموکراتی کوردستان، هەموو جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ژێر هەر ناو بە هەر پاساوێک مەحکووم دەکەین و داواکارین کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵوێستێکی جیددی وەرگرن و بەرپەرچی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەنەوە. لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش داواکارین کە مەترسیی سەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە جیددی وەرگرن، چوونکو ئەرکی پاراستنی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە قورسایی لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و پێویستە تیرۆرەکانی ئەم دواییە ڕوون بکرێتەوە و ئاکامەکانیشی بۆ ڕای گشتی بڵاو بکرێتەوە.

**یەکێتیی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٨/٧/٣**

## بەرەی دێموکراتیکی ئێران

شوورای هاوئاهەنگیی بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە پەیامێکدا کە ڕوو بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە، تێرۆری شەهید قادر قادری بەهۆی نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم کردوە.

لەو پەیامەدا هاتووە ئەندامانی شوورای هاوئاهەنگیی بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە دەرەوەی وڵات بەوپەڕی خەم و پەژارەوە سەبارەت بەو ڕووداوە ناجوامێرانەیە سەرەخۆشیتان لێ دەکەین. ئێمە دەزانین کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە خوێنی دەیان هەزار لاو و ژن و پیاو و منداڵی ئەو نیشتمانە سوورە و، لە چوار دەیەی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان ئەزموونی هەموو جۆرە جینایەتێکی ئەو ڕێژیمە گەندەڵەیان کردوە و هەتا ئەو ڕێژیمەش مابێ، جینایەت و ترۆر و مرۆڤکوژییەکانی خۆی هەر درێژە پێ دەدا.

بەرەی دێموکراتیکی ئێران دڵنیایە لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە تێرۆریستییەدا دەبێ بوەستین و یەکیەتی و هاوپێوەندییەکی بەربڵاو دروست بکەین و بە یەکڕیزی بتوانین تەختی بەختی ئەو دەسەڵاتە وەرگێڕین.

بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە کۆتایی پەیامەکەیدا هاوخەمیی خۆیان سەبارەت بە تێرۆری شەهید قادر قادری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەکەی دووپات کردۆتەوە و ڕایگەیاندوە کە بەرەی دێموکراتیکی ئێران هەمووکاتێ خۆی بە پشتیوانی حیزبی دێموکرات دەزانێ.



حەسەن حاتەمی

# ئیسلامی سیاسی
## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

### شەڕ وەک نێعمەتێک بۆ کۆماری ئیسلامی لە پێناو مانەوەدا

شەڕ لەگەڵ عێراق بەو هەموو تێچوویە مرۆڤی، ماڵی و وێرانییە دژایەتیی و دەستێوەردانی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە بەشێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لێ کەوتەوە. ڕێکخراوگەلی ئیسلامیی توندئاژۆ بە بیر و ناوی حیزبوڵلایی و ناوی دیکە دامەزرێنرا و نزیکەی ٤٠ ساڵە ئەو ناوچەیە تووشی کێشەی پتر لە پێشوو بوە. سپای قودس، سازمانی ئەمنییەتی سپای پاسداران (ساس)، ڕاوێژکارانی ئەمنیەتی و دیپلۆماسیی نابەرپرس و دەستێوەردانی نەرێنی بوونەوە کردەوەی شەڕخوازنە و مەترسیدار. ئەو ئاکارانە کە لەژێر ناوی لەنێوبردنی ئیسراییل لەسەر نەخشەی جیهان بە هۆی تێکهەڵچوونی نیزامی و هەتا پێش پێکهاتنی «بەرجام»، بە هەڕەشەی «بۆمبی ئەتۆمیی ئیسلامی» و ئێستاش «مووشەکە بالستیک و دوورهاوێژەکان»و، پەرەپێدانی ئاڵۆزییەکان لە ئارا دایە. مەبەستێکی دیکە «کۆماری ئیسلامی پارێزی لە ڕێگای شەڕ لە «دەرەوەی سنوورەکان»ە کە مەترسیی کارەسات گەلێکی دیکەی لێ چاوەڕوان دەکرێ.

لە نیوخۆی ئێرانیشدا کۆماری ئیسلامی وای کردووە کە خەڵکی ئێران تووشی هەژاری و بێکاری، بی مافی و سەرکوتی بەردەوام، زیادبوونی ڕادەی گیرۆدەبووانی مادده هۆشبەرەکان، کارتۆن خەو و گۆڕخەوەکان، نێوزبڵ گەڕان بۆ نان، کۆڵبەری و کوژران و پێشێلکردنی مافی ژنان ببنەوە. بەڵام، جەواد مەنسووری_ یەکەم فەرماندەری سپای پاسداران لە مانگی گوڵان هەتا ڕەشەممەی ١٣٥٨ _کە پاشان لە بەشی دیپلۆماسی کاری کردەوە و ماوەیەکیش جێگری وەزیری دەرەوە بووە، وێنەی کردەوەکانی نزیک ٤٠ ساڵەی ئەو ڕێژیمە بەمجۆرە نیشان دەدا و دەڵێ: ئەگەر شەڕ نەبا، کۆماری ئیسلامیش نەدەما و ئەو شەڕە کۆماری ئیسلامیی سازمان دا. هێز، ئەزموون، ورە و پێگەی دایە و دەرئەنجامەکانی شەڕ بۆ ئێمە یەکجار زۆر باش بوون. بەهۆی شەڕەوە بوو کە توانیمان دژە شۆڕشی نێوخۆیی و تەقمۆکەکان سەرکوت کەین. (١)

هەروەها، موحسین ڕەزایی_کە درێژماوەترین فەرماندەری سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە ١٣٦٠ هەتا ١٣٧٦ بوو و ئێستا ڕاوێژکاری خامنەییە لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا؛ دەڵێ: ٨ ساڵ لە تەمەنی ١٠ ساڵەی «حکومت امام» لە شەڕێدا، ڕابرا. بەردی بناخەی شۆڕش لەو ڕووداوەدا، دانرا و قایم کرا. ئەو بەردی بناخەیەی بینای مەعرفەتی سیاسیی و فەرهەنگیی وڵاتی شکڵ پێدا و پێویستە زۆر جیدیتر و بنەڕەتیترهەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ. کەسانێک زۆر سەرسەری و لە پەڕاوێژدا، چاوی لێ دەکەن. پێویستە لە مێژووی نەوەکانی داهاتوو بە تایبەتی وەچەی سێیەمدا، ببێتە ئەسڵێک لە ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک.... ئەمن بە ڕاشکاوی دەڵێم ئێمە لە شەڕدا، سەرکەتووی موتڵەق بوین. ئێران بوو بە زلهێزێک کە دوای ٣٠٠ ساڵ ئەو هێزەمان وەدست هێناوەتەوە. «امام» بەو سەرکەوتنە، بە سەربڵیندی لەو شەڕە هاتە دەر. ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە ئەمنییەت و سەقامگیریمان هەیە و تەنیا وڵاتین لەو بوارەدا لەو ناوچە، بەهۆی شەڕەوەیە. فەرهەنگی بەرخۆدان کە لەو ناوچەیە لە ئارا دایە، بە تایبەتی لە فەلەستین و لوبنان، لە هەناوی ئەوە شەڕەی بەرهەم هاتووە. ئیمام ئەوکات فەرمووی: شەڕی ئێمە، شەڕی ناردنەدەرەوی شۆڕش بۆ ناوچەکە و دنیایە.... زۆر گرینگە بەرنامەی دیکە دابنێین و باس لەوە بکەین کە چۆن بوو گەمارۆشمان لەسەر بوو شەڕیشمان بە ئەستۆوە ببوو، بەڵام خوڕڕەمشاریشمان گرتەوە. ئەو کارە فێری کردین چۆن کێشەکان چارەسەر کەین. گرینگ ئەوەیە کە ئێستا چۆن دەتوانین لەوشەڕە بۆ کەمکردنەوەی لاوازیی هەڵسوکەوتەکانی بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی و سیاسی کەلک وەرگرین. (٢)

پێویستە بیروڕای خەڵک لەوەش ئاگادار بێ کە موحسینی ڕەزایی کە ئەمڕۆ قسەکانی بۆنی خوێن و شەڕ و وێرانیان لێ دێ، لە بەرەبەری قبووڵکردنی بە ناچاری بڕیارنامەی ٥٩٨ لە چ حاڵێکدا بوو. هاشمیی ڕەفسەنجانی لە بیرەورەییەکانی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٦٧یدا، وەزعی دەروونیی فەرماندەی سپا، بەوجۆر باس دەکا. «ئاغای موحسین ڕەزایی هات. ناڕەحەت بوو. کەمێک گریا. دڵم دایەوە. ئامادەی خۆکشانەوە بوو. گوتم لەسەر پۆستەکەی خۆت بمێنەوە. قەرارە سبەێنێ لە تەلێڤیزیۆن وتووێژت هەبێ بۆ ئەوەی دەمگۆی زیندانیکردنت بڕەوێتەوە.»(٣)

ڕەفسەنجانی بێ ئەوەی ناوی یەحیا ڕەحیم سەفەوی یا کەسانی دیکە بێنێ دەڵێ: کاتێک ئەو فەرماندەیی فاوی بە ئیمکاناتێکی زۆرەوە بەجێ هێشت، خەڵخاڵی داوای ئیعدامکردنی ئەو و دوو کەسی دیکەی کرد. ڕەفسەنجانی لەوبارەیە ئاماژە بە وەزعی دواین ساتەکانی شەڕ دەکا کە خومەینی بڕیاری دادگاییکردن و پێڕاگەیشتن بە هەڵەکانی فەرماندەکانی دابوو. لە ژێر چاوەدێری خۆیدا، گەرەکیان بوو کەسانێک ئیعدام کەن. تەنانەت ئاغای خامنەیی_ سەرکۆماری ئەوکاتیش_ لەوەدا هاوبیری ئاغای خومەینی بووە. سەبارەت بە کردەوەی سپای پاسدارانیش، ئا. خومەینی وڵامێکی داوەتەوە کە لە «صحیفەی نور»یشدا، نەیان نووسیوە. ئەو نووسیویەتی: «ئەگەر سپا شەڕی باش نەکا بۆ هەمیشە زەلیل دەبێ و دەمرێ.» (٤) سەعید قاسمی _یەکێک لە فەرماندەرانی پلە دووی سپای ئەوکات_ گوتی:» ٦٠٪ی ئەو شوێنانەی لە ماوەی ٨ ساڵدا گرتبوومان، لە ماوەی ٣ ڕۆژدا، لێیان ئەستاندینەوە.»(٥)

ئەو بۆچوونانە لە حاڵێک دایە کە بەشێک لە کردەوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیان، لە ڕووداوەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی لە دوای ٢٠٠١ وە هەتا ئێستا، بە قازانجی پەرەگرتوویی بیری ئیسلامی سیاسیی بووە. دوای پتر لە ٣٠ ساڵ شەڕی ئێران و عێراق، ٦ ساڵ شەڕ لە سووریە، دوو وردە شەڕی ئیسراییل لە لوبنان و فەلەستیندا، بەهۆی حیزبوڵڵا، حەماس و جیهادی ئیسلامی، سەرهەڵدانی داعیش و ٣ ساڵ مەرگ و وێرانی و پێکهاتنی حەشدی شەعبی لە عێراق و حوسییەکان لە یەمەن وەک هاوپەیمانانی کۆماری ئیسلامی، چاوپۆشیی لە تێرۆریسمی دەوڵەتی بەتایبەتی دوای مەحکوومکرانی لە دادگای موئابێتی ئاڵمان_سەبارەت بە تێرۆری میکۆنۆس_ و ئاژاوەگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەشێک لە ئەفریقا و تەنانەت لە هێندێک شوێنی ئەمریکای لاتینیش، توێیەکی ڕاستەی قسەکانی موحسینی ڕەزایی دەردەخا. هەر بە پێی ئەو ڕوانگەیەی کە ئێزنی شەڕ و ئاژاوەی پێدراوە، ناوبراو هەڕەشە لە لەنێوبردنی عەربستانیش دەکا! بەڵام سەیر ئەوەیە، زۆربەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر باسی داسەپاندنی شەڕ بە هۆی ئەمریکا دوای هێرش بۆسەر باڵیوزخانەکەی و بارمتەگرییەکە دەکەن!

سەرچاوەکان

١- یوتیوب، اعترافات تکاندهندەی یک فرماندەی سپاه.
٢- یوتیوب، سطرهای ناخوانده، صحبتهای ناگفتەی محسن رضایی در مورد جنگ ایران و عراق.
٣، ٤ و ٥- بی بی سی فارسی، حسین باستانی،»چرا آیتالله خمینی خواستار اعدام فرماندهان مقصر «شکست» در جنگ شد. ٢٣ سپتامبر ٢٠١٤ (١ مهر ١٣٩٣).

# ترس و دڵەڕاوکێی ڕێژیم لە سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییەکان



ڕەزا محەممەدئەمینی

سەرهەڵدانی شەپۆلی ناڕەزایەتیی بەرین و بێوێنەی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران لە مانگی بەفرانبار و ڕۆژانی دواتردا، ترس و نیگەرانیی زۆری لە دڵی کاربەدەستانی ڕێژیمدا چاندووە و بە ئاشکرا دیارە کە لە داهاتووی خۆیان و ڕێژیمە گەندەڵەکەیان تۆقیون.

قسەکانی ئەمدواییانەی مۆرە ناسراوەکانی سەر بە دوو باڵی ڕێژیم نیشاندەدری ئەو ڕاستییەن کە کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خویدا پەیامی ڕق و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیان بیستووە و باش تێگەیشتوون کە نیزامە «موقەدەسەکەیان» جگە لە هەرەسهێنانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و... هیچ دەسکەوتێکی دیکەیان نەبووە. دیارە ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە زۆر لەجێ دایە و کاربەدەستانی ڕێژیم بە خامنەییشەوە بەلەبەرچاوگرتنی چوار دەیە دەسەڵاتی ڕەش و جینایەتکارانەی خۆیان، حەقیانە ترسیان لە شەپۆلی ڕق و تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێ.

جگە لەوەش شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی بەفرانبار کە زیاتر لە سەد شاری ئێرانی گرتەوە دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە کۆماری ئیسلامی تەنیا دەتوانێ بە پشتبەستن بە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ناڕەزایەتییەکان دامرکێنێتەوە و، ئەوەی ئەو ڕێژیمەی لەسەر پێ ڕاگرتووە تەنیا زەبروزەنگ و دەزگای سەرکوتە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامی هەتا کەی دەتوانێ بە سەرکوت و کوشتوبڕ و زیندان و ئەشکەنجە، درێژە بە دەسەڵاتی ڕەش و داپڵۆسێنەری خۆی بدا؟ ڕاستە شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی بەفرانبار بەو تەوژم و هێزەی کە هەیبوو، هێور بووەتەوە، بەڵام ئەگەر لە لایەک هۆکارەکانی وەڕێکەوتنی هەروا لە جێی خۆیانن و بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر قووڵتر دەبنەوە، لە لایەکی دیکە ناڕەزایەتییەکان ئەگەر نە بەشێوەی «ڕاپەڕینی جەماوەریی بەفرانبار»، بەڵام هەر بەردەوام بوون. خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە ناوەندە پیشەسازییەکان زیاتر لە پێشوو درێژەیان بووە و ڕۆژ نیە ڕاگەیەنە گشتییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس لە مانگرتن و وەڕێکەوتنی خۆپێشاندانی کرێکاران نەکەن. لە ڕۆژی هەشتی مارسیشدا ژنان و چالاکانی مەدنی نیشانیان دا سەرەڕای گرتن و حوکمدران واز لە نافەرمانیی مەدەنی و پێداگری لەسەر ماف و ئازادییەکانیان ناهێنن. هەروەها هەر لەو ماوەیەدا سەدان کەس لە دەروێشە گونابادییەکان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکان پاش لێدان و کوتانێکی زۆر گیران و تەنانەت یەکێکیان لەژێر ئەشکەنجەدا لێ کوژرا. ئەوانە نیشان دەدەن کۆمەڵگەی ئێران ئێستاش لە دۆخێک دایە کە ئەگەری سەرهەڵدانێکی دیکەی چاوەڕوان لێ دەکرێ و «ئاستی بەرگەگرتن»ی خەڵکی لە بەرانبەر کاروکردەوە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمە زۆر دابەزیوە.

کاربەدەستانی ڕێژیم هەر لە سەرەتای ناڕەزایەتییەکانی بەفرانبار بۆ خودەربازکردن لە ڕاستییەکان وەک هەمیشە بە درۆ و دەلەسەی کاڵفامانە و سازکردنی سێناریۆی منداڵهەڵخەڵەتێن ویستیان هۆکار و سەرەداوی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی بۆ بەناو وڵاتانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بگەڕێننەوە و تەنانەت وای لێهات موحسین ڕەزایی باسی پیلانی! هەولێر و پێکهێنانی کۆمیتەی هاوبەش بە بەشداریی نوێنەری ئەمریکا و سەرۆکی دەفتەری سەدام حوسێن و بارزانی کردبوو؛ بەڵام دواتر کە زانیان ئەو تەوژمە بەهێزە هەڵقوڵاو لە ناخی کۆمەڵگە و دەنگی ڕق و بێزاری کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێرانە، ویستیان بە شێوەیەکی دیکە خەڵکی بەلاڕێدا بەرن. لەوبەینەدا بەتایبەت باڵی زاڵ بەسەر دەسەڵات ویستیان ناڕەزایەتییەکان لەچوارچێوەی کێشە و کەموکوورییە ئابوورییەکاندا بەرتەسک بکەنەوە و نیشان بدەن ئەوانیش دەزانن قەیرانی ئابووری و هەژاری و دەسکورتی، بڕستی لە کرێکاران و چین و توێژی بێ دەرەتان بریوە و ئەوە ناکارامەیی دەوڵەت و دەزگا پێوەندیدارەکانە کە ئەو نەهامەتییەی خستووەتە سەر شانی خەڵکی و بەم چەشنە هەم خۆیان و ڕێژیمەکەیان لە تەوژمی ناڕەزایەتییەکان بەدوور ڕاگرن و هەم پێگەی ڕووحانی و ڕێفۆرمیستەکان لە دەسەڵاتدا لێژ و لەرزۆک بکەن.

بەوحاڵەش ئەو چەواشەکارییانە نەیانتوانیوە ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە لەڕاپەڕینی بەفرانباردا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕووی ڕق و تووڕەییان لە تەواویەتی کۆماری ئیسلامی و لە سەروو هەموویانەوە لە خامنەیی بوو. ڕەنگە دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر و مەرگ بۆ خامنەیی لە شارەکان زیاتر لە هەموو دروشمێک کوترابێتەوە. جگە لەوەش کێشەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەگەڵ ڕێژیم تەنیا قەیرانی ئابووری و بێکاری و پەرەسەندنی هەژاری نیە، بەڵکوو ویستی خەڵکی نەمانی ئەو ڕێژیمەیە کە لەهەموو بارێکەوە تەنگی بە خەڵکی هەڵچنیوە و ئێرانی وەک زنیدانێکی بەرین لێ کردووە. قەیران و کێشە ئابوورییەکان کە لە ڕاستیدا بەستێنی لەباری ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان بوون، بەشێکی سەرەکی بوون لە ویست و داخوازییەکانی خەڵک، بەڵام هەمووی نین و ناڕەزایەتیەکان فرە ڕەهەندن. گەلانی ئێران بە گەلی کوردیشەوە داوای ئازادی و سەربەستی و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەکەن کە لە ماوەی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرانە و نابەرپرسانەی خوی لە لایەک ئەو وڵاتە و خەڵکەکەی لە نێوخۆدا گەیاندوەتە ئەو ئاستەی کە زیاتر لە ٥٠ میلیون کەس لە حەشیمەتەکەی لە ژێر هێڵی هەژاری دابن، لەلایەکی دیکە و لە ئاستی دەرەوەشدا ئەو ڕێژیمە بە کردەوە و سیاسەتە نابەرپرسانە و ئاژاوەگێڕانەی خوی بووەتە هۆکاری گەمارۆی ئابووریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە زۆر شوێندانەربوون لە داتەپینی ئابووری و لێکەوتەکانی وەک داخرانی کارگە و کارخانەکان و چوونە سەرێی ڕێژەی بێکاری. هەروەها ڕێژیم لەسەر حیسابی داهاتی ئێران و گیرفانی هەژاران، ساڵیانە دەیان میلیارد دۆلاریش یارمەتی بە دەستەو تاقمە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەکا و بەو پارە زۆرە کە دەتوانێ لە نێوخۆ بەشێک لە کێشە کەڵەکەبووەکانی خەڵک کەم بکاتەوە، لە وڵاتانی وەک یەمەن، سوریە، عێراق، لوبنان و... ئاگری شەر و ئاژاوەی پێ خۆش دەکا.

بە دڵنیاییەوە چارەنووسی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆڕییە، چارەنووس و داهاتووی هەموو نیزامە دژی گەلی و سەرەڕۆیەکانی مێژوویە و گومان لەوەدا نیە کۆماری ئیسلامی بەدەستی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران دەڕوا و نامێنێ. بەو حاڵەش دەسەڵاتداران کۆماری ئیسلامی کە بەتەواوی تووشی ترس و دلەڕاوکێ بوون و دەزانن شەپۆلە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران درەنگ یان زوو وەڕێ دەکەوێتەوە، ئامادە نین بەخۆشی و بە شێوەی شارستانیانە و لە ڕێفراندۆم و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵکی ئێران واز لە دەسەڵات بێنن. هەر بۆیەش شک لەوەشدا نیە پرۆسەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پرۆسەیەک دەبێ کە تێچووی گیانی و ماڵیی زۆری لێ دەکەوێتەوە و ئەوەیکە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە سەرەڕۆیە باس لە بە»سووریە» بوونی ئێران دەکەن نیشان دەدا بەهەر شێوەیەک و بەهەر نرخێک بێ، تەنانەت ئەگەر ئێران وەک وڵاتی شەڕلێدراوی سووریەشی لێ بێ کە کۆماری ئیسلامی لە خولڵقاندنیدا دەستی باڵای هەبووە، واز لە دەسەڵات ناهێنن. بەڵام ناڕەزایەتییەکانی بەفرانبار نیشانیان دا هێزی سەرکوتکەری ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ئەوەی لە خوڵقاندنی هیچ چەشنە جینایەتێک خۆنابوێرێ، ناتوانێ حەڕەکەتێکی جەماوەری بەربەرین و سازماندراو کە لەودا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بڕژێنە سەر شەقامەکان سەرکوت بکا و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران قۆناغ بە قۆناغ پاشەکشە بەو دەسەڵاتە نگریسە دەکەن هەتا لەکۆڵ خۆیانی دەکەنەوە.

## بروکسێل/ بەشداری حیزبی دێموکرات لە سیمیناری «توانایی ئاڵوگۆڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکوری ئەفریقا»



ڕۆژی پێنجشەممە، ١٧ی ڕەشەمە سیمینارێکی گرنگ لەلایەن ناوەندی توێژینەوەیی پێشکەوتنی ئورووپا، بۆ باس لە سەر چۆنیەتیی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێشکەوتنخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکوری ئەفریقا پێک هات. بۆ ئەو سیمینارە کاک مستەفا شڵماشی، بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بانگهێشت کرابوو.

بەشداربووانی سیمینارەکە بریتی بوون لە ژمارەیەک ئەندامانی پارلمانی ئورووپا، بەرپرسانی ناوەندی توێژینەوە، ڕۆژنامەنووسانی خاوەن نەزەر لە سەر پرسەکانی ناوچە، چالاکانی سیاسی و لێکۆڵەر و نووسەر. لەو سمینارەدا خاتوو ناتالی دۆچی، ڕاوێژکاری خاتوو فرێدریکا مۆگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا؛ خاتوو کریستینا کائۆش، ڕاوێژکاری بەرزی ناوەندی مارشال لە ئاڵمان؛ فێرناندۆ جینتلینی، نوێنەری تایبەتیی یەکیەتیی ئورووپا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕانج عەلائەددین، نوێنەری ناوەندی توێژینەوەیی دۆحە؛ فاسیلی تۆساس بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ناوەندی توێژینەوەیی ئورووپا و ئێرنست ستێتەر، سکرتێری گشتی ناوەندی توێژینەوەیی ئورووپا باسەکانیان پێشکێش کرد.

لەو سمینارەدا کاک مستەفا شڵماشی بەشداری باسەکان بوو و لەگەڵ بەشداربووان مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان و ئێرانی هێنایە بەرباس و سیاسەتی دژی ئینسانی، کوشتنی زیندانیانی سیاسی و تیرۆرری کۆماری ئیسلامیی لە قاودا. هەروەها لە پەراوێزی کاری سمینارەکەشدا چاوی بە چەند کەسایەتی و یەک لەوان ئێرنست ستێتەر، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی توێژینەوەکانی ئورووپا کەوت و داوای لێکرد کە لە بەرنامەکانی داهاتوودا بەرنامەی تایبەت لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دابنێن و بەڕێوەی بەرن.

# بۆمبی کات بۆدیاریکراوی سووریە



یۆشکا فیشێر
و: کەماڵ حەسەنپوور

کێشەی سووریە لە زۆر بوارەوە لەگەڵ شەڕی سی ساڵە (١٦٤٨ – ١٦١٨) وەک یەک دەچن، کە ناوەندی ئورووپا، بە تایبەتی شاری ئاڵمانیی ماگدێبورگ، حەڵەبی ئەم سەردەمەی، خاپوور کرد. لە دوورەوە شەڕەکە کێشەی یەک لەدوای یەک بوون کە مەینەتباریی لەپێوان نەهاتووی بەسەر خەڵکی ئورووپادا سەپاند و تەنیا کاتێک بە ئاشتی وێستفالیا کۆتایی پێهات کە گشت لایەنە بەشدارەکان بە تەواوی ماندوو ببوون.

شەڕی سی ساڵە بە ڕواڵەت کێشەی ئایینی لە نێوان کریستیانی کاتۆلیک و پرۆتیستان بوو، هەروەک هۆی سەرەکیی کەلێنی نێوان موسڵمانانی سوننی و شیعە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەمڕۆ. بەڵام، هەروەک ئەمڕۆی سووریە، ئایین ڕووکەشێکە بۆ ململانێی قووڵتر لە سەر دەسەڵات و دەسەڵاتداریی ناوچە.

شەڕی سووریە لە کاتی بەهاری عەرەبیدا سەری هەڵدا، لە کاتێکدا کە خۆپیشاندەران داوای دێموکراسی و کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریی سەرۆککۆمار، بەشار ئەلئەسەدیان دەکرد. بەڵام زۆر زوو بووە پرسێکی نێونەتەوەیی. ئێران و حیزبوڵڵا، میلیشیای لوبنانی کە ئێران پشتگیریی دەکا، لەگەڵ ڕووسیە، دەستوەردانی سەربازییان کرد و پێشیان بە شکستی ئەسەد لە بەرامبەر هێزە نەیارەکان، کە لەلایەن تورکیە و عەرەبستانی سعودییەوە وەک نوێنەری لایەنی سوننی، گرت.

لەهەمان کاتدا، شەڕەکە بەربڵاوتر بووە و هەڵمەتێک بە ڕێبەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی داعش دەستی پێکرد و کاتێک کە ساڵی ڕابردوو داعش تێک شکا، کێشەیەکی دی، ئەمجارە لە نێوان تورکیە و کوردەکانی باکووری سووریە، خێرا دەستی پێکرد. ئێستا جەنگاوەرانی هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) کە سەلماندوویانە بۆ شەڕ دژی داعش بێ وێنەن لەلایەن تورکیەوە کراونە ئامانج، لە ئاکامدا ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە نێوان دوو هاوپەیمانی ناتۆ بەرز بۆتەوە. جگە لەوانە، مەترسیی پەرەئەستێنی پێکدادانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیە، کە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییانە کە باس لە هێرشی ئاسمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کوژرانی چەند دەرزەن بەکرێگیراوی ڕووسیایی لە سووریە دەکەن، پشتڕاست دەکاتەوە.

لەگەڵ هەر برگەیەک، تراژێدیای سووریە وێدەچی هەر دێت و مەترسییدارتر دەبێ. کێشەکە چیتر لەسەر ئەوە نیە کە کێ لە دیمەشق دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵکوو کێ لە خۆرهەڵاتی ناوین خاوەن هەژمۆنییە. کێبڕکێیەکە تەنیا لە نێوان ڕووسیە و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نیە، بەڵام لە نێوان ئێرانی شیعە و عەرەبستانی سوننیشە، کە هەر دێت و خۆی زۆرتر لەگەڵ ئیسرائیل دەگونجێنێ، کە هاوپەیمانێکی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

تورکیە بە نۆرەی خۆی زۆرتر ترسی لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردییە لە باکووری سووریە، کە ببێتە هۆی هاندانی لایەنە جوداییخوازەکانی کوردی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە. بێگومان، کوردەکانی باکووری عێراق (کوردستان) هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان دەدەن و تەنانەت گشتپرسی سەربەخۆییشیان لە ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە برد.

لە کۆتاییدا، ئیسرائیل، زلهێزی سەربازیی ناوچەکە، بەرژەوەندیی تەناهی خۆی لە لوبنان و باشووری سووریە هەیە. تا ئەم دواییانە، ئیسرائیل تا ڕاددەیەکی زۆر خۆی لە شەڕەکە بەدوور گرتبوو. بەڵام ناچار بووە بە هێزی ئاسمانی بۆ پێشگرتن بە گەیشتنی کەلوپەلی سەربازیی بە دەست حیزبوڵڵا و بۆ پێشگرتن بە ئێران کە بوونی خۆی لە سنووری باکووری ئەوان بسەپێنێ، دەستوەردان بکا.

تێوەگلانی ئیسرائیل ئەم مانگە، کاتێک کە فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی ئێرانی کە لە سووریەوە چووبووە نێو ئاسمانی ئیسرائیل خستە خوارەوە، بەربڵاوتر بوو. کاتێک کە فرۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل لە وەڵامدا هێرشیان کردە سەر بنکە ئێرانییەکان لە سووریە، یەکێکیان لەلایەن ئاگری دژە فرۆکەی سووریە کەوتە خوارەوە ( فرۆکەوانەکان بە سڵامەتی گەیشتنەوە نێو خاکی ئیسرائیل)، کە بووە هۆی هێرشی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل بۆ سەر هێزەکانی ئەسەد.

لە کاتی ئەم ڕووداوانەدا، زۆر زوو ئاشکرا بوو کە ئیسرائیل ناتوانێ پشت بە پەیوەندیی تایبەتیی نێوان سەرۆک کۆماری ڕووسیە ڤلادیمیر پوتین و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهو ببەستێ. ڕوسیە نیشانی دا کە یا نایهەوێ یا ناتوانێ ئێران کۆنترۆڵ بکا. کەوابوو، ئێستا ئیسرائیل پێی خۆش بێ یا نا لە سووریە ئەکتەرێکی چالاکە.

ئەمە دەقاودەق لەو بەرەیە کە شەڕێکیتر دەتوانێ هەڵایسێ، ئەمجارە لە نێوان ئیسرائیل و ئێران. کێشەیەکی وەها لە بەرژەوەندیی هیچ کامیاندا نیە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی هەنووکەیی ئەم شتە دەتوانێ بە ئاسانی ڕوو بدا. ئیسرائیل ناتوانێ کاتێک کە ڕێژیمی ئەسەد، ڕووسیە، ئێران و حیزبوولڵا سەرکەوتنی سەربازیی مسۆگەر دەکەن خۆ لە کێشەکە بەدوور بگرێ. فاکتەرەکانی مەیدانیی هەڕەشە لە ئاسایشی ئیسرائیل دەکەن و دوژمنی ئەو، ئێران، بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێز دەکەن.

شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل (و عەرەبستانی سعودی لە دواوە) سەرجەم ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە، چونکە دەبێتە بەرەیەکی دی لە شەڕ بۆ هەژمۆنی. بەڵام ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئورووپاش دەبێ، نە تەنیا لەبەر ئەوەی کە کێشەیەکی مەزنتر دەبێتە هۆی ناردنی پەنابەری زیاتر بەرەو باکوور. بە لەبەرچاوگرتنی هەڕەشەی سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپ کە ڕێککەوتنە ناوکییەکەی ئێران هەڵوەشێنێ، ئورووپا دەتوانێ بکەوێتە نێو کێبڕکێیەکی سامناکی چەک، و تەنانەت شەڕێکی مەزنی دیکە، کە لە نیزیکی سنوورەکانی هەڵدایسێ.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم مەترسییانە، ئورووپا چیتر لەبەرژەوەندییدا نیە کە لە دوورەوە تەماشاوان بێ. ئورووپا دەبێ لەبەر تەناهیی خۆی داکۆکی لە ڕێککەوتننامەی ناوکیی لەگەڵ ئێران بکا و لەبەر ئەوەی کە یەکیەتیی ئورووپا ئەرکداریی درێژخایەنی بەرامبەر بە ئیسرائیل هەیە، نابێ ڕێگا بە ململانێی توندوتیژانەی هەژمۆنی بدا کە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئیسرائیل بکا.

ئێستا لە هەموو کات زۆرتر، کاتی دیپلۆماسی ئورووپایە. بە هۆی هەڕەشەی شەڕێکی مەزنی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕێبەرانی ئورووپا دەبێ دەستبەکار بن.

# سووریە لە کەفوکوڵی شەڕی ئێران و ئیسرائیل لەو وڵاتەدا

شەڕی دوایەی ئیسرائیل لەگەڵ دراوسێکانی زۆر جیاوازترە لە شەڕەکانی پێشووی. درێژبوونەوەی شەڕ لە سووریە کە بەردانەوەی فرۆکەیەکی ئێف ١٦ی ئیسرائیل لە مانگی فێورییەی بە دوودا هات، پێمان دەڵێن ململانێ و بەرورووبوونەوە گەورەکەی نێوان ئێران و ئیسرائیل نیزیکە. ڕۆژی ١٠ی فێوریە فرۆکەیەکی ئێرانی لە سووریەڕا سنووری ئاسمانیی ئیسرائیلی بەزاند و سوپای ئیسرائیل جیا لە بەردانەوەی یەکجێ هێرشی کردە سەر ئەو بنکە نیزامییەش کە پەهبادە ئێرانییەکە لێی هەستابوو. لەو ئۆپەراسیۆنەدا فرۆکەیەکی جەنگیی ئیسرائیل بەهۆی ئاگری قورسی هێزە دژەفڕینەکانی سووریە کەوتە خوارەوە.

ئەم لێکدانە پێچەوانەی تێکهەڵچوونەکانی پێشووی نێوان ئەو دوو وڵاتە بە چەند هۆ گرینگە: یەکەم ئەوەی ئەمە ئێران بوو کە سەرەتا پەهبادەکەی ناردە نێو خاکی ئیسرائیلەوە، بە واتایەکی دی وادیارە تاران ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی خۆی لە تێکهەڵچوونەکانی لە سووریەدا گۆڕیوە. دووهەم ئەوەی لەگەڵ تۆخبوونی حزووری نیزامیی ئێران لە سووریەدا، شەڕی دواتر جیا لە حیزبوڵڵای لوبنان؛ میلیشیا هاوپەیمانەکانی دیکەی ئێران لە سووریەی لەگەڵ دەبێ. سێهەم ئەوەی ڕۆڵی ئێران لە ڕێبەریکردنی کێبرکێ ناوچەییەکان دوادەرەنجامی گرینگی بۆ ئەو وڵاتە دەبێ.

سەرچاوەیەکی نیزیک لە حیزبووڵڵای لوبنان لەسەر ئەو باوەڕەیە بەرەڕووبوونەوەی ئەمجارەی حیزبوڵڵا و سووریە پلانی ئێران بوو. ئەو دەڵێ: «ئێرانییەکان ماندووبوون لەو هێرشە سیستماتیکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر چەکوچۆڵ و کەرەستە نیزامییەکانی حیزبوڵڵا یان گواستنەوەی تەقەمەنی و تیکنۆلۆژیی شەڕ بۆ ئەوان.» بەردانەوەی فڕۆکە ئیسرائیلییەکە دەتوانێ پەیامی ڕوونی ئێران بۆ ئەو وڵاتە بێ کە ڕێساکانی شەڕی نێوانیان خەریکە دەگۆڕێ و تێلئایو دەبێ بە پارێزی زیاترەوە بجووڵێتەوە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بوونی سەربازیی ئێران لە سووریەدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. ناوەندەکانی هەواڵگریی ئیسرائیل دەڵێن ئێران لە سووریەدا زیاتر لە ٨٠،٠٠٠ چەکداری لە ژێر فەرمان دایە کە لە بریتین لە هێزە لوبنانی، عێراقی و هێزەکانی سوورییەکان و، لە ڕێگەی ئێرانەوە «تەوەری خۆڕاگری»یان پێک هێناوە. ئەندامێکی حیزبوڵڵای لوبنان گوتویەتی کە چیدی حیزبوڵڵا بە تەنیا نیە و حیزبوڵڵای سووریە و حیزبوڵڵای عێراقیش وەکوو دوو ڕێکخراوی کۆک و پۆشتە بە ئامانجی هاوبەش لە ناوچە کەوتوونە گەڵ یەک. ئەکرەم ئەلکەعبی، سکرتێری گشتیی بەرگریی ئیسلامیی «ئەلنوجەبا»( هێزە بەسیجییەکانی عێراق) هەر چوار ڕۆژ دوای بەردانەوەی فرۆکەکەی ئیسرائیل ڕاگەیاند کە لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕی نوێ لەگەڵ ئیسرائیل شانبەشانی هاوپەیمانەکەی



خۆی، حیزبوڵڵای لوبنان بەشدار دەبێ. ئەو میلیشیا عێراقییە هێز و سەرچاوەی بەرچاویان هەیە و هێزەکانی «ئەلنوجەبا» نیزیک بە ١٥ میلیارد دۆلار لە دەوڵەتی عێراق وەردەگرێ. لەلایەکی دیکە بەپێی خەمڵاندنی ئیسرائیل، حیزبوڵڵا زیاتر لە ١٥٠،٠٠٠ موشەکی هەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا وەک خۆی لانیکەم ٣،٠٠٠ هێزی چەکداری لە سووریە هەیە کە زیاتر ڕۆڵی ڕاوێژکاری سەربازییان هەیە. کۆماری ئیسلامی هەروەها پێگەیەکی نیزامیی هەمیشەیی لە سووریەدا کردۆتەوە. کاربەدەستانی حیزبوڵڵا لە زۆر وتووێژدا گوتویانە کە زۆر لە جووڵە و ئۆپەڕاسیۆنەکانی حیزبوڵڵا و بەرەی مقاومەت لە «ژوورێکی عەمەلیاتیی هاوبەشی ئێرانی و ڕووسەکان»دا بڕیاری لەسەر دراوە. بە هەموو ئەوانەش کۆماری ئیسلامیی ئێران هەتا ئێستاش لە بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل تەنانەت لەڕێگەی نوێنەران و هێز و میلیشیاکانی ژێر ئەمری خۆیشی خۆی بواردوە. لەولاوە ئیسرائیلیش دانی بەوە داناوە کە زیاتر کە سەد هێرش و ئۆپەراسیۆنی چووکەی لە نێو خاکی سووریەدا کردوە و هەوڵە سەربازییەکانی خۆی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران وەک یەکەکانی بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی، بنکە سەربازییەکان و شوێنی شاردنەوە و فرینی فرۆکە سەربازی و بارهەڵگرەکان کە چەکیان پێ بۆ لوبنان دەگوازێتەوە، چڕتر کردۆتەوە.

بەرجەستەبوونی ڕۆڵی ئێران لە سووریە پێمان دەڵێن کە هەر جۆرە پەلامارێکی دژە ئیسرائیل لە خاکی سووریە بەهۆی نوێنەرانی ئێران و بە سەرکردایەتیی ڕێژیمی ئێرانە. ئەمەش بە گۆڕانی ڕەوتی ململانێ و بەرەوڕووبوونەوەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران دادەنرێ. ئەگەرچی شەڕی ڕاستەوخۆی ئەو دوو لایەنە لەوانەیە لە ڕیزی سەرەوەی بەرنامەکانیاندا نەبێ؛ بەڵام دیارە کە ئێران درێژە بە بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە سووریە دەدا و ئیسرائیلیش لە دژی ئەو جووڵانەوە دەوەستێتەوە کە بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێ. هاوسەنگییەکانی ڕێگری لە بەرەوڕووبوونەوە خەریکە تێک دەڕمێن.

**مونا ئەعلەمی_ شوڕای ئەتلانتیک**
**و: باوان عەلیزادە**



# لە حوجرەوە

عادڵ مەحموودی

## مەلا عەبدوڕەحمان فاتیحی



ناوی تەواوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدولکەریمی کوڕی عەبدوڵڵایە. دایکی ناوی زینەت بووە و لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاویدا لە گوندی «یارالی»ی ناوچەی گەورکی موکری سەر مەهاباد لە خێزانێکی جوتیار دایک بووە.

عەبدولڕەحمان هێشتا منداڵ دەبێ کە بنەماڵەکەی ڕوو دەکەنە دەڤەری لاجانی پیرانشار و لە گوندی (سۆغانلوو) دەگیرسێنەوە. لە تەمەنی پازدە ساڵیدا دەچێتە حوجرە و لە لای مامۆستا «عەبدوڵڵای سولەیمانی» دەست دەکا بەخوێندنی سیپارە و، دواتر بۆ خۆپێگەیاندنی زیاتر دەچێتە گوندەکانی «تورجان»، «بوغدەکەندی»، «قەرەگوێز»و «حەمامیان». هەر لە درێژەی خوێندنیدا زۆر جێگای دیکەش دەگەڕێ وەکو بۆکان و سەردەشت و گوندەکانی (بێوران)و چەند شوێنێکی دیکەش.

فاتیحی لاوێکی دەنگخۆش بووە، دەیگوت: «جارێکیان مەلایەک ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرت، ئەوکاتیش باوبوو، دەبوایە سێ شەو و ڕۆژان ئاهەنگ و شایی بایە و شایەر بانگ دەکران. لەو ئاهەنگەدا عەلی خەندانی هونەرمەند بەشدار دەبێ و بەیەکەوە گۆرانی دەڵێن. پاشان عەلی خەندان دەڵێ: «فەقێ ڕەحمان بۆچی واز لە فەقێیاتی ناهێنی و نایە لای من، وەڵڵاهی قازانج دەکەی...

«فەقێ ڕەحمان زۆربەی گوند و حوجرەکانی دەڤەری پیرانشار و سەردەشت و بۆکان گەڕاوە بۆ خوێندن. لەو سەردەمەدا حوجرە ناوەندی جۆشدانی بیری نەتەوەیی و بڕەودان بەزمانی کوردی بووە و، زۆربەی ئەو مەلا و فەقێیانە هەڵگری بیری نەتەوەیی دەبن و تێکەڵ بەو ڕەوتە کوردایەتییە دەبن، کە لەو سەردەمەدا حزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتیی دەکرد. بەمجۆرە فەقێ ڕەحمانیش دەبێتە ئەندامی حزبی دێموکرات و دەست بە کاری ڕێکخراوەیی دەکا.

فەقێ ڕەحمان هەر ئەو کات دەست بە نووسین دەکا و هەستی شاعیری پەلکێشی دنیای ئەدەب و شێعری دەکا. لە ساڵانی دەیەی ٣٠ی هەتاویدا بەهرەی شێعریی فاتیحی دەگەشێتەوە و تاکە شوێنیش بۆ بڵاوکردنەوە،ی شێعرەکانی ڕادیۆی کوردیی کرماشان بووە و زۆربەی شیعرەکانی بۆ ئەوێ ناردووە و لەلایەن شوکرڕوڵڵای بابانەوە خوێندراونەتەوە.

فەقێ ڕەحمان ساڵی ١٣٤٠ لە گوندی «ئاڵواتان» لەسەر دەستی مامۆستا مەلا نەجمەدینی کەوکەبی ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێ و دواتر لە گوندی «دۆڵەتوو» دەبێتە مەلا.

ساڵانی ٤٦_٤٧ کاتێک ڕێژیمی پاشایەتیی دەست دەکا بەگرتنی ئازادیخوازان، بێگومان مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحیش بێبەش نابێ و دەگیرێ و بۆ زیندانی «جلدیان» دەگوازرێتەوە. ئەو ئەگەرچی ماوەیەک لە زیندان ئازاد دەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەزانێ وازی لێ ناهێنن و دووبارە دەیگرنەوە، بۆیە پەڕیوەی باشووری کوردستان دەبێ و لە گوندی «زێوکە»ی دەڤەری پشدەر دەبێتە مەلای ئاوایی.

مامۆستا مەلا ڕەحمان لە پێناو پەیداکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەی زەحمەت و کوێرەوەریی زۆری کێشاوە و پەنای بردۆتە بەرکرێکاریش، بەڵام هەموو ئەو سەختیانە ئەویان لە کاری سیاسی و حیزبایەتی و خزمەت بە نەتەوەکەی دوور نەخستۆتەوە.

مامۆستا مەلا ڕەحمان لە کۆنفرانسی سێ و کۆنگرەی سێ حیزبی دێموکراتدا کە قەوارەی تەشکیلاتی و سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دادەڕێژرێتەوە، ئەندامی کۆنفڕانس بووە و وەک ئەندامێکی کارای حیزب ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیی وەرگرتووە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران مەلا ڕەحمان دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری پیرانشار دەگیرسێتەوە، هاوکات پەرە بە کار و تێکۆشانیی حیزبیی دەدا و دەبێتە بەرپرسی ڕێکخراوی بەری مێرگان سەر بە شارستانی پیرانشار. دوای سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و داگیرکردنی شارەکانی کوردستان دیسان پەڕیوەی باشوور دەبێتەوە و وەک ئەندامێکی حیزب درێژە بە تێکۆشانی سیاسیی دەدا.

مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٣٧٠دا دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی کە کۆچی دوایی دەکا، لە گوندی «گردئاشەوان»ی پیرانشاردا مەلایەتی دەکا.

لە مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی دیوانە شێعرێک لە چەند بەرگدا بە یادگار بەجێ ماوە کە ئێمە چەند کۆپلە لەو شێعرەی مامۆستا کە بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات نووسیویەتی، دەیکەین بە دیاری بۆ خوێنەرانی گۆشەی «لە حوجرەوە».

کوردە پیرۆز بێ هەوڵ و خەباتت
پیرۆز بێ فەتحی چیانە و قەڵاتت
سی و حەوت ساڵە حیزبی دێموکرات
وەک سەددی پۆڵا بۆتە قەڵاتت

هەر ئاوەدان بێ ئەلحەق کارەسات
لەو هەموو جاش و پاسدارەی دەهات
لە سەدی هەر دەی خەلاسی دەبوو
کوردە و دوژمنی خۆی نادا نەجات

دوژمن پێی وابوو کوردستان چۆڵە
بۆ جاش و پاسدار تەویلە و مۆڵە
نەیزانی دار و بەردی کوردستان
دەشکێنن دەم و لووتی ئەو زۆڵە

کوردە پیرۆز بێ جێژنی گەلاوێژ
برینی دڵان گشت دەکا سارێژ
ڕۆژی میلادی حیزبی دێموکرات
دوژمنی خوێڕی کرد سەرسام و گێژ

هێزی بەرگری وپێشمەرگە و میللەت
دوژمنی گەلم دەکەن لەت و پەت
با لە جەماران هەرخۆی وەشێرێ
ڕۆژێک ڕۆڵەی کورد لەملی دەکەن پەت

بۆ بەرزی وەتەن گیان لەسەر دەستم
تا ڕزگار نەبێ نابێ ڕاوەستم
بۆ بیست و پێنجی مانگی گەلاوێژ
بەدڵ دەخوێنم شیعر و هەڵبەستم

نەما ئەو ڕۆژەی کورد وەجاخ کوێر بێ
دەست و پێ سپی چاوەڕێی خێر بێ
خوێندەوارە کورد، قەڵەم بەدەستە
با دوژمن بمرێ و لەداخان کوێر بێ

بژی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات
ئاڵا هەڵگری سەربەرزی وڵات
ئەو ڕۆژەی کە کورد چاوەڕوانی بوو
لە ئاسۆی چیای کوردستان هەڵات

بۆکان و هەوشار، سەقز و مەریوان
سنە و کامیاران، بانە و هەورامان
لە مەهاباد و شنۆ و پیرانشار
(فتح المبین) بوو بۆ کورد ڕەمەزان

هەر سەرکەوتوو بێ حیزبی گەلی کورد
ئەو کوردەی دوژمن وەک خۆڵ دەکا ورد
بمرێ ئەو کەسەی ناحەزی کوردە
شادبێ ئەو کوڕەی لە ڕێی گەلدا مرد

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# بەرەو نەورۆزێکی مێژوویی

## (حەماسەی ڕزگاربوون لە مەرگەساتی هەڵەبجە)



برایم چووکەڵی

ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦(١٦ی مارسی ١٩٨٨) ڕێژیمی بەعس بە بۆمبی شیمیایی لە هەڵەبجەی دا. ئەو شەوە هەواڵ گەیشت کە هەڵەبجە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە داگیر کراوە و، ئەمە یانی هێزێکی زۆری پێشمەرگە کە لەو ناوچەیە بوو، پشتی لێ گیراوە و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراون.

بڕیار درا ناوچەکە چۆڵ بکرێ و شوێنی یەکگرتنەوە هێزەکان ئاوایی هاوارییی نوێ دیاری کرا. هێزەکە دواتر بەرەو گوندی عەنەب لە نزیک شاری هەڵەبجە ڕێکەوت و تاریک و ڕوونی بەیانی لە نێو باخ و گوندە ڕووخاو و چۆڵکراوەکەی عەنەبدا خۆیان حەشار دا و چاوەڕوانی پێشهاتەکان مان. لە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە لە خورماڵ، هەتا دەگاتە بیارە و تەوێڵە و بەرزاییەکانی دەوروبەر هێزەکانی عێراق بەبێ هیچ شەڕ و لێکدانێک لە شوێنی خۆیان بوون. لە باشووری هەڵەبجەوە هێزەکانی مەجلسی ئەعلا و سپای پاسداران بە تانک و تۆپ و جبەخانەی قورسەوە خۆیان گەیاندبووە نزیک شار و جادەی سیروان ـ هەڵەبجەیان گرتبوو. بە دەرکەوتنی ئەم هێزەی ئێران و گیرانی پردی «زەڵم» تەواوی هێزەکانی عێراق ورەیان لە دەست دا و پۆل پۆل خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ئێران دەکرد. لە بەرەبەیانی ڕۆژی گیرانی هەڵەبجەدا هێزەکانی عێراق لەپشت ئاوایی هانیگەرمەڵە بەرەو بیارە کەوتنە پاشەکشە. لەو کاتەدا دوو هێزی بەیان و دووی ڕێبەندان لەو ئاواییەدا بنکەیان بوو. بە شکستی هێزەکانی عێراق هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هێزەکانی حیزبی دێموکراتیش ڕوون و ئاشکرا بوو، بۆیە ئەو دوو هێزە بەرەو ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە کشانەوە و لە گوندی عەنەب بۆ ماوەیەک چاوەڕوانی هێزی شاهۆ و زاگرۆس بوون تا هەموو تێکەڵ ببنەوە. هەر لەو کاتەدا «گوردانی شوان»ی کۆمەڵە کە ئەوانیش بنکەیان لە ئاوایی بیارە بوو، ئەوانیش وێڕای ئێمە بەرەو هەڵەبجە پاشەکشەیان کرد. ئەگەرچی ئەو کات ئێمە بەرپرسانی هێزی بەیان و دووی ڕێبەندان پێمان گوتن کە با بەیەکەوە لەو مەترسییە ڕزگار بین، بەڵام بەهۆی شەڕی نێوخۆیی چەند ساڵەی نێوانمان ئەوان ملیان نەدا و پێشنیارەکەی ئێمەیان ڕەت کردەوە کە بەداخەوە ڕۆژی دواتر هەموویان کوژران و گیانیان بەخت کرد.

پێشمەرگەکانی حیزب بەرەبەیانی ڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە لە ئاوایی عەنەب بەرەو لای هێزی شاهۆ دەچن و هەموویان یەک دەگرنەوە. لە وەها هەلومەرجێکی سەختدا ٧٠٠ تا ٨٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب کەوتبوونە ژێر ئاوری بێ ئامانی هێزەکانی ئێران و عێڕاق. بۆیە بە ناچار بڕیاری چۆڵکردنی دەوروبەری عەنەب بەرەو «سەرکەن» درا و دۆڵ و ئاودڕە و شیوی لای سەرەوەی باخەکان بوونە پشت و پەنای هێزی پێشمەرگە و تا ئەو دەم و ساتە بێ زیان لەو مەرگەساتە دەرباز بوون. هێزە گەورەکەی حیزبی دێموکرات ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لەشوێنی خۆیان نەجووڵان. دیارە ڕێگەی دەربازبوونیان نەبوو، و تەواو لە گەمارۆ کەوتبوون. سێ شەو و ڕۆژ لە دەوروبەری هەلەبجە خواردنی هێزی پێشمەرگە تەنیا ڕووەک و گیای کێوی بوو.

ئەو ڕۆژە فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراق بەردەوام هەڵەبجە و دەوروبەریان بۆمباران دەکرد. چڕەدووکەڵ هەموو ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیبوو، گرموهۆڕی فرۆکە بەردەوام دەهات و دیار بوو مەرگەساتێک بەسەر هەموو ناوچەکەدا زاڵ دەبوو.

بەیانیی ٢٨ی ڕەشەممە هەلومەرج و بارودۆخی پێشمەرگە تەواو لەباری تەداروکاتییەوە شپرزە ببوو، گیا و ڕووەکیش نەمابوو کە ئەو ٧٠٠_٨٠٠ کەسە بتوانن خۆیانی پێ ڕابگرن. سەر لەئێوارە برسێتی فشاری بۆ زۆر کەس بەتایبەتی منداڵەکانی بنەماڵە کە لەگەڵمان بوون هێنابوو؛ بەڵام پێشمەرگە زۆر ڕۆژ و قۆناغی سەختی لەو چەشنەی دیبوو و هەموویانی بەزاندبوو.

ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەممە شەهید دوکتور قاسملوو پەیامی نارد کە بەهەر جۆر و بە هەر نرخێک بێ دەبێ خۆتان لەو ناوچەیە ڕزگار بکەن، چونکی بەپێی ئەو هەواڵانەی گەیشتوون بەتەواوی لەمەترسی و بەر هێرش دان. هەر بۆیە ئێوارەی دوایین ڕۆژی زستانی ساڵی ١٣٦٦ بەدەشتی خورماڵدا بڕینی ڕێگەی دووڕ و درێژی ئەو دەشتەیان کردە نەورۆزانەی خۆیان. لەکاتی تێپەڕین بەو ڕێگا دوور و درێژەدا چەندجار ماشینی سپای پاسداران لەلایەن پێشمەرگەوە ڕاگیرا تا هێزەکە لەجادە بپەڕنەوە. پێشمەرگە لەلای پاسدارەکان خۆیان بەخەڵکی عێراق و ئۆپوزیسیۆنی عێراقی دەناساند، بڕیاریش وابوو بە نێوان خورماڵ و بیارەدا سەرکەون بۆ لای سەرگەت و پاشان بە پشت ئەحمەوئاواوە بەرەو لای شانەدەر و سەید سادقدا خۆیان دەرباز بکەن.

دەشتی هەڵەبجە بەرەو خورماڵ هەمووی بە کەلاکی حەیوان ڕەش داگەڕابوو، ئەو دەشتە سەراپا بۆنی گازی شێمیایی لێ دەهات، دیارە پێشتر ڕێنوێنی پێویست بە هەموو پێشمەرگەکان درابوو. لە نیزیک گوندی خوڕماڵ کاتژمێری یەکی نیوەشەو تووشی چەند ئایفای ئەرتەشیی پڕ لە پاسدار هاتین کە هەموویان ماسکی دژی شیمیایی بەسەریانەوە بوو و لە سەر ڕێگای پێشمەرگە وەستابوون. پرسیاریان کرد بۆ کوێ؟ بە پێی بڕیار و ڕێنوێنیی پێشوو هەر کەسە و بۆی هەبوو تەنیا بڵێ بۆ «ئەحمەدئاوا».

لەگەڵ ئەوەی زۆریان پێ سەیر بوو ئەو هەمووە خەڵکە بۆ بەو شەوە دەچنە ئەحمەدئاوا، بەڵام هێچیان نەگوت. دیارە گوێمان لێ بوو پاسدارێکی کرماشانی گوتی: «ئەم نەزمە نەزمی عێراقی نیە، بڕۆن عەلی یارتان». بەمجۆرە پاش ٣ ڕۆژ مانەوە بە برسییەتی لە نێو گەمارۆی تەواوی هێزەکانی دوژمندا و دوای بڕینێکی ڕێگایەکی سەخت و دووروردرێژ پێشمەرگەکان خۆیان دەرباز کرد و سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کوڕانی دێموکرات و سەرشۆڕییەکی دیکە نسیبی هێزی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو ڕێگا دووروو درێژە سەرکەوتنەکەی زۆر هۆکاری دیکەی هەیە، بەڵام دیارە کە هەست بە بەرپرسایەتیی هەموو کادر و پێشمەرگەی ئەو هێزەی گەورەیەی حیزبی دێموکرات کە هەموو دژوارییەکیان قەبووڵ کردبوو، گرینگترینی ئەو هۆکارانە بوو.

# ژنان و پێگەیان لە بازاڕی کار و ئابووریی ئێراندا



شەونم هەمزەیی

بێکاری یەک لە خەسارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئێستای کۆمەڵگەی ئێرانە کە خۆی سەرچاوەی کۆمەڵە خەسارێکی دیکەیە، بەڵام بێکاری وەک دیاردەیەکی سیاسی ئابووری بۆ ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا وەک یەک نیە. ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەک چۆن لە زۆر بوار و ڕەهەندەوە پەراوێز خراون، لە ڕووی بەشداری و هاوبەشییان لە بازاڕی کار و بوارەکانی دیکەی ئابووریشدا هەر بەشی نەبیندراو و پشتگوێخراوی کۆمەڵگەن کە سیستماتیک مافەکانیان پێشێل دەکرێ. ئەگەرچی لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا دابینکردنی هەلی کار بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای مافی یەکسان باسی کراوەدا و لە ماددەی ٢٨ی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا هاتووە کە دەوڵەت ئەرکدارە بەوەی ئیمکاناتی پێویست و هەلی یەکسان بۆ کارخولقێنی و دامەزران بۆ هەموو تاکەکان برەخسێنێ، بەڵام لە کردەوە نەک ئەوە نابیندرێ بەڵکوو هەر بە زۆر قانوونی نووسراو و نەنووسراو ژنان لەو مافە بێبەش کراون. پیاوانەکردنی هەلە کارییەکان، سنووردارکردنی چالاکیی ئابووریی ژنان و پێدانی مووچەی کەمتر بۆ کاری وەک یەک بە ژنان تەنیا بەشێک لە کێشەکانی ژنان لەبواری دامەزران و هاتنەنێو بازاڕی کار و چالاکیی ئابووری دایە. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لە ساڵی ٩٦دا ژنان سەدا ٥٦ی کورسییەکانی زانکۆیان هێناوەتەوە، بەڵام ئەوە تەنیا لە بڕگەی خوێندنی بەرزدا کورت کراوەتەوە و بە کردەوە پشکی ژنان لە بازاڕ و دامەزران و چالاکیی ئابووریدا لە سەدا ١٢ تێناپەڕێ. ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەمترین نرخ و پێوەری هاوبەشیی ژنانی لە بازاڕی کار و ئابووریدا هەیە. نێونجی بەشداری و هاوبەشیی ژنان لە ئابووریدا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شارەکان سەدی ٢٢ و لە ئێران سەدی ١٢یە. سەیر ئەوەیە سەرەڕای سێ هێندەبوونی حەشیمەتی ژنانی خوێندەوار و زانکۆدیتوو، ئەو پێوەرە لە پێنج دەیەی ڕابردوودا لە جێی خۆی ماوە. ئەمڕۆکە لە ئەفغانستانێکدا کە دەیان ساڵە شەڕ و قەیرانی ئابووری ئاوقای بووە، نرخی بەشداریی ئابووریی ژنانی لەچاو ئێران زیاترە. دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، زۆر لەو ژنانەی لە شارەکان خوێندبوویان و دامەزرابوون لە کارەکانیان دەرکران. لە دەیەی شەستی هەتاویدا ژنان بە نرخی بەشداری و هاوبەشیی سەدا ١٠، کەمترین هاوبەشییان لە ئابووریی وڵاتدا بووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆر لە پیاوان لە بەرەکانی شەڕ بوون. ئەو نرخە لە دەیەی ٧٠دا دەبێ بە سەدا ١٢، بەو جیاوازییە کە حەشیمەتی ئێران لەچاو پەنجاکان دوو هێندە زیادی کردوە. ئامارەکان دەڵێن ئەگەر پێش هاتنەسەرکۆماری ئیسلامی چوونی ژنان بۆ زانکۆ کەمتر بوو، ئێستا ژنان زیاتر لە پیاوان کورسییەکانی زانکۆیان بۆ خۆیان گرتۆتەوە، بەڵام دوایە کە لە زانکۆ دەرچوون دەبێ بچنەوە ماڵێ دانیشن؛ چونکی نە لە بازار و نە لە بەشی دەوڵەتیی ئابووریی ئێراندا جێیەک بۆ ئەوان نین.

**کێشەکە لە کوێ دایە؟**

پیکهاتەی پیاوانەی! سیاسەت لە ئێران «کار» بە چەمکێکی «سیاسی» دادەنێ. بارستایی دەوڵەت هێندە قورس و گەورەیە کە هەموو جۆرە کارێک تەنانەت کەرتی تایبەت و کار لە جۆری کاری ماڵانیش نێوەرۆکێکی دەوڵەتیی هەیە و هەبوونی کار و پیشە لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە جۆرێک هاوبەشیی سیاسییە. هەر بۆیە هەمیشە یەکێک لە ڕێکارەکانی دەوڵەت بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان، دەرکردن لە کار و هەڵپەسارنیانە؛ دەی سیاسەتیش دەبێ لە پاوانی پیاواندا بێ و ژنان بۆیان نییە خۆی لێدەن! ڕێژەی کەمی دامەزران و کارکردنی ژنان لە ئێران تەعبیر لە سیاسەتی بێ مەیلیی دەوڵەت بەهاوبەشیی سیاسی و ئابووریی ژنان دەکا. دەسەڵات لە ئێران ژن وەک ئۆپۆزیسیۆن چاو لێ دەکا و هەوڵ دەدا کۆنترۆڵی بکا و لەو هێڵانەی بۆ دیاری کردوون زیاتر پەل نەبزێون. بۆ ئەو مەبەستەش زۆر لەو ڕێگرییانە کراون بە قانوون. بەپێی قانوون زۆر کار تایبەت بە پیاوان و لە پاوانی ئەوان دایە، بە تایبەت لە بەشە دەوڵەتی و نیزامییەکاندا. هەر بەپێی مادەی ٧٥ی قانوونی کاری ئێران پێ سپاردنی کاری قورسبە ژنان قەدەغەیە، بەڵام ئەوەی لە حقەقیقەتدا دەیبینین ئەوەیە کە ژنان لە زۆربەی مەیدانەکاندا وەدەر نراون. هەروەها بەپێی قانوونی مەدەنیی ئێران پیاوان دەتوانن بەبیانووی یەکنەگرتنەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ژیانی خێزانی ڕێگری لە کارکردنی ژنەکانیان لە زۆر بوار و جێگەدا بکەن. دوایین داتا ڕەسمییەکانی هێزی کار لە ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا بەمجۆرەیە:

_ سەدا ٥٠ی ئەو ژنانەی کاریان هەیە، لە بەشە نارەسمییەکانی ئابووریی وڵاتدا کار دەکەن.

_ ژنان زیاتر لە کارگە و یەکە بەرهەمهێنەرە بچووک و نارەسمییەکاندا کار دەکەن.

_ زیاتر لە نیوەی ژنانی بێکار پتر لە دوو ساڵ بووە لە کار گەڕاون و دەستیان نەکەوتووە.

_ یەک لە سێی ئەو ژنانەی کار دەکەن مووچەخۆری کەرتی تایبەتن.

_ زیاتر لە نیوەی ژنانی دەرچووی زانکۆ کە لە کار دەگەڕێن نەیانتوانیوە هیچ کارێکیان دەست کەوێ.

کەمیی مووچە و حەقدەستی ژنان لە بازاڕی کار دەرکەوتەیەکی دیکەی هەڵاواردنی ژنان و دابەشبوونی بازار لەسەر بنەمای ڕەگەزییە. هەواڵدەریی ڕەسمیی بڵاوی کردۆتەوە کە لە ساڵی ڕابردوودا لە ٦١٥ هەزار هەلی کاری نوێدا کە دروست کراوە، زیاتر لە نیوەیان بۆ ژنان بووە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان بە مووچە و حەقدەستی کەمتر ئەو کارانە _کە زیاتر لە بەشی خزمەتگوزارییەکانن_ بۆ خاوەنکارەکانیانی دەکەن. نەبوونی قانوونەکانی پشتیوانی لە ژنیش لە جێی خۆی کە کۆسپێکی دیکەی بەردەم هاتنی ژنان بۆ بازاڕی کارە. ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ بە پشتبەستن بە ئامارە ڕەسمییەکان لە ئێران دەڵێ لە ساڵی ڕابردوودا ٤٨ هەزار ژن دوای کەلکوەرگرتن لە مەرەخەسیی منداڵبوون کارەکانیان لە دەست داوە و بێکار بوون. سیاسەتی دژەژنی لە ئێران هەر تایبەت بە دەوڵەتێک نەبووە و خاڵی هاوبەشی هەموو دەوڵەتەکان وەک هێڵێکی گشتیی نیزامە. حەسەن ڕووحانی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بە هێرشبردن بۆ سەر دەوڵەتی ئەحمەدینژاد دەیگوت لە دەوڵەتی پێشوودا ٨٦٠ هەزار ژن بێکار کراون و کارەکانیان لە دەست داوە. بەڵام لە ماوەی نیزیک بە ٥ ساڵ سەرکۆماریی خۆیدا هیچ هەنگاوێکی لە پێناو لابردنی لەمپەرەکانی بەردەم کارخولقێنی بۆ ژنان هەڵنەگرتوە. بۆ نموونە پووشپەڕی ئەمساڵ تاقیکارییەکانی دامەزراندنی دەوڵەت بەڕێوەچوو. عەلی جەماڵی قومی، بەرپرسی کاروباری ئامار، پلاندانان و دابینکردنی هێزی مرۆیی دەوڵەت ڕایگەیاند لەو ٢٨٠٠ هەلی کارییە ٢٢٨٤ هەلی کارییان تایبەت بۆ پیاوان و ٥٠٠ هەلی کارییان بە شێوەی هاوبەش لە نێوان ژنان و پیاوان و تەنیا ١٦ هەلی کاریی تایبەت بە ژنان بووە. دوای ٥ ساڵ سەرکۆماریی حەسەن ڕووحانی ئێستا دەبیندرێ کە سنووردارکردنی ژنان لە بوارەکانی کار و سیاسەتدا هەروا درێژەی هەیە و وادیارە تا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ ئەو ڕەوتە هەروا دەمێنێ.



# کۆتاییهاتنی دەورەیەکی تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب



کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی بارهێنان و پەروەردەکردنی کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بۆ کاروباری تەشکیلاتی، دەورەیەکی تایبەتیی بۆ زیاتر لە ٧٠ کەس لە پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە بەڕێوەبرد. ئەو دەورەیە ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی ڕەشەمە کۆتایی پێهات و لە ڕێوڕەسمێکدا بڕوانامە بە بەشدارانی دەورەکە درا.

لەو ڕێورەسمەدا قادروریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، سەبارەت بە گرینگیی کاری تەشکیلاتی، پەروەردە و ڕاهێنان لە حیزبێکی سیاسی و هەروەها مەبەست لە کردنەوەی ئەو خولە ئامووزشییە بۆ بەشداربووان قسەی کرد.

بەڕێزیان لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی: حیزبێکی سیاسی بۆ بەردەوامبوونی پێویستە گرینگی بە پەروەردەو فێرکردنی زیاتری ئەندامانی خۆی بدا و، بۆ ئەوەی بتوانێ لە گەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان درێژە بە خەباتی خۆی بدا ، دەبێ فێرکردن و پەروەردە لەو حیزبەدا بەردەوام بێ. هەربۆیەش مانەوەی حیزبی دێموکرات دوای تێپەڕکردنی زیاتر لە ٧ دەیە خەبات بۆ خۆپێگەیاندنی ئەندامانی ئەو حیزبە لە بەشە جیاجیاکان دەگەڕێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی ئەو دەورە ئامووزشییە لەلایەن ڕەحیم مەحموودی، ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات خوێندرایەوە و دواتر بەشێک لە بەشداربووان لەلایەن کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزب، دکتور ئاسۆ جێگری سکرتێری گشتی و کاک جەلیل گادانی تێکۆشەری دێرین بڕوانامەی تایبەتیان پێ بەخشرا.



مالاوا
فەرماندە مەندەکەی دیموکرات!
مالاوا...
شوڕەبیترین شەرمێونی پێشمەرگەیەک،
وا بەس لەسەر مافی خۆی شەرمی نیە...
نە قەندیل هێلاکیی لاق و سەرخەوشکاندت لە بیر دەکا،
نە قەلای خۆڕاگریی
شەونخۆنییەکانت...
هێندە هەنگاوی قورس و ئەستێرەئاسات بەرەو ڕووناکایی هەڵهێنا
هەتا،
بە درەنگانی شەو گیانی گەرمی پێشمەرگانت لێ ئەستێندرا
ئێمە بە شەو تۆمان نەناشت
هەر بەڕۆژ
لە پێش چاوی ئەو ڕۆژەی وا لە ڕۆژهەلات هەڵدێ
بووی بە تازەترین میوانی مەزارگەی پڕ لە ڕازی تێکۆشەرانی دیموکرات...
جەستەت با لێرە بێ
وەکوو بەلگەیەکی دیکە بۆ تیرۆر
بەلام کۆلەپشتی و
کلاشینکۆف و
خەرەمانی دەق نەشکاوی بزەت هی ڕۆژهەلاتە
بەشی کۆڵبەری پێوەیە تا بۆسۆی مەدرەسەی شیناوێ...

لە ئێستاوە هەر فەرماندەیکی خاکیپۆش ببینم
بە بزەی خاکەڕایی خاکەوە
کوردستانم خوشتر دەوێ و، دەستم لە لای چەپی سینە دادنێم
کە بلێم:
بە حورمەتەوە بێدەنگ بین، هەتا بریسکایی دەموچاوی فەرماندە قادر تێپەڕ بێ...

جەنابی فەرماندە!
تێپەڕبوونی هەموو کات وساتی پێشمەرگانەت پیرۆز...

خانەی «خانێ» ئاوەدان!
وا توی ڕاهێنا کە ببێ بە سەنگەر
ببی بە کاک قادر لە سەردەمی قڕ تێخستن و کوشتوبڕ
خۆ لە دووریی پیرانشار پیر بووی...
هەر ساڵەوە بە هاتنێ نەورۆز
بەهارێکتر کەلەکەی دەبەست لە وەرزی حەسرەتەکانت و، پەپوولەی ناخت
بۆ گەڕانەوەت بۆ ئاوایی «قورینج»
هەتا دەهات نەخشینتر دەدرەوشایەوە،

لەم بەهارە وا بەڕێوەیە، چی بەهارە هەیە
تا بەهاری سەرکەوتن پێشکەشی خۆت و گەزیزەی پێکەنیت
سوێند بە٢٠ و وردیەک خونچەی بە فیشەک پشکوتووی زامستانی جەستەت
سوێند بە زریکەی کچە هەتیوکەوتووکانت لە غووربەت
تا نەگەین بەو ئاکامەی و ئاکامە...
واز لە ئاکاری شوڕشگێڕی ناهێنین...

دەچێت بۆ چەند شەوە لە خێوەتێک لە قەتپاڵی بەرزخستانی
دڵنیام بە پێشوازت هاتوون... شەهیدانی شەوی یەلدا
لە جیاتی هەموومان لە شەهید ناسر بپرسە و
لە جیاتی هەموومان شەرمێونی بزەی شەهید سالار بدوێنەو
بە بریقەی چاوانی قۆیتاس.. جەگەرکەت هەلکە و،
با وەهابی برامان وێنەیەک بگرێ بۆ سوکنایی دەشتی بێتاقەتی.
کاکە گیانیش ئایی... کە ڕوحسووکە بۆ دواندنی پێشمەرگانە...

دڵنیام یەکەم فیشەکت کە وەبەر کەوت
پێش ئەوەی چاوەڕوانیی مندالانت وەبیر بێتەوە
بیرت لە کونکون بوونی ناو لەپ و بەلگەی شوڕشگێرانی دەروازەی
کۆیەت کردەوە
جا لە سەیتەرەیەک قۆلبەست دەکرین، ئیتر چارەنووسمان ناروون،
با بمێنێ بۆ کاتی خۆی...

تو ئارام بنوو فەرماندە!
هەر ماوەیەک لەمەوپێش لە ئیلام
لە گرتووخانەیەک گیانی کەسێکیان ئەستاند
وا بە دوای ئالای جەنابت کەوتبوو
کە لە قەندیل هەلتگرت تا هەلگورد...
ڕێچکەی خوێناویت
خوێنی دەوێ فەرماندە!
چ لە دالاهوو، چ لە کۆسالان!
ئێمە ڕانەهاتووین بە کۆسپ و کۆستەوە دوژمن دڵخۆش کەین
شەڕی دارستان بە هێزی تەور ناکرێ
هەر شین و شین دەبینەوە،
با تەوریش هەبێ دەسکەی ئاشنابێ، بۆ دارستانی ئێمە!

هەتا خەمخۆری فەرماندەیەک مابێ خاکەڕاو خاکیپۆش و کوردستانی ویست
و، بزە لە سەر لێو...
دەست لە سەر سینگ
لە لای چەپی سینە دادەنین
هەتا بریسکایی پێکەنینی تۆ تێپەڕ دەبێ...
جەنابی فەرماندە...
مالاوا...

**عەلی لەیلاخ**
**کۆیە _ ڕەشەمەی ٩٦**

* ئاکام و ئاکار ناوی دوو کوڕەکەی شەهید قادر قادرین

# خانی و کورد پاش ٣٦٠ ساڵ




سا خوایە لە تۆ سەیر دەمێنم
لەو گێژە چلۆن سەرم دەرێنم

کورد چۆن دەبێ دیل و چارەڕەش بن
کەی ڕاستە لە خۆشی دوورەبەش بن

بۆ بەخشش و دڵ بە ناو و دەنگن
شێرن لە هەرا، پڵنگی جەنگن

دەستڕژدی ئەمانە حاتەمێکە
هەر گوردێ لەوانە ڕۆستەمێکە

بۆ ڕۆم و عەجەم وەکوو دیوارن
ئەم هۆیە کەوا کز و هەژارن

گۆپالی دەسی ئەوانە ئێمەین
بۆ تیری بەلا نیشانە ئێمەین

خۆیان لە گەڕ و هەرایە دوورن
کورد بەند و کلیلی سەرسنوورن

یەک هێرشی بۆ سەر ئیدی بێنێ
هەر کوردە دەبن شەلالی خوێنێ

ئازایی و بەخششێ بپرسی
مەردایەتیی و دڵ و نەترسی

هەر بۆ کوڕی کوردسان هەیە و بەس
نەدراوە لەبەر ئەوان بەشی کەس

هێندەی کە بەجەرگ و دوورەترسن
کەمتر لە بەیەک گەیین دەپرسن

کەس بۆ کەسێ نابێ چاودەبەر بێ
هەرکەس دەیەوێ زل و لەسەر بێ

لەم سەرڕەقییە و دەماری زلیان
بێگانە دەبن سواری ملیان

هەر خۆیەتی زل، کەوە و ڕەش و بۆر
هەر بۆیەیە بوونە هێزی خۆخۆر

کوردیش کە ببایە یەکدڵ و دەست
دەستیان دەکەوت ژیانی سەربەست

ڕۆم و عەرەب و عەجەم سەروبەر
بۆ ئێمە دەبوونە عەبد و نۆکەر

پەیدا دەبوو باو و گەورەیی و ژین
ناومان دەرئەکرد بە بیر و زانین

جیاواز دەبوو گفتی پاک و ناپاک
پڕ نرخ و بەڕێز دەبوو شتی چاک

**ساڵی ١٦٥١**
**مەم و زینی خانی**
**هەژاری موکریانی کردوویەتی بە سۆرانی**

## لەهەر باخەی گوڵێک

# ئەسپی سەرکێشی تاوانبار هەروا لەجۆشە!



هەیاس کاردۆ

ماشێنی مەرگی کۆماری ئیسلامی کە قەت لەکار نەکەوتوە، تازە نوێ کراوەتەوە و خەریکە خۆی بۆ هێرشێکی بەربلاوتر ئامادە دەکا. ئەسپی سەرکێشی تاوانبار کە دایم دپڕمێنێ، ئێستا خەریکە چوارناڵ دەکوتێ بۆ وەی ژمارەی تاوانەکانی زیاتر و زیاتر بکا. ئەو جۆگە خوێنەی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەڕۆڵەکانی کوردیان وەڕێ خستوە، دەگەڵ سەرەتای وەرزی بەهار خەریکە دەزێتەوە و وەسەر خوێن دەکەوێ. هەرکام لەسەرانی بەخوێن تینووی ئێران وەک ئەژدهاکی زەمان دوو ماریان لەسەر شانە و ڕۆژ نیە مێشکی لاوانی کوردیان دەرخوارد نەدەن. مێژووی غەدر و جینایەت و خەیانەت بە کورد لەم ولاتە نەگبەتە هەموو ڕۆژێ دووپات دەبێتەوە و داسی مەرگی ڕێژیم هەروا ملی لاوانی کورد دروێنە دەکا. لای حاکمانی ئێران هەزار هاواری کورد هەتا هۆوەی بڕ ناکا و کەس بۆ گوێ گرتنی خۆی ماندوو ناکا.

لەوەتا خەباتی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری دەگۆڕێدایە دەسەلاتدارانی ئێران قەت بەچاوی پێکگەیشتن و سولح و ئاشتی چاویان لە کورد نەکردوە. ئەوەی مەبەستی ئەوانە یان بەچۆکداهێنانی کورد و مل دانەواندنی بۆ ویستی خۆیان، یان درێژەی کوشتوبڕ و مالوێرانی و برسی ڕاگرتن. مێژوو نیشانی داوە هەتا کورد زیاتر سەر بەرداتەوە و لەحاند زوڵم و زۆرییەکانی دەسەلات بێدەنگتر بێ، ماشێنی سەرکوت و قەتلوبڕ چاکتر وەکار دەکەوێ. قەت نەدیتراوە و نەبیستراوە هاواری مەزلوومییەت دڵی دەسەلاتداران نەرم بکا و چاوی ڕەحم و بەزەییان پێ هەلێنێ. پلانی درێژخایەنی ئێران نابوودیی فەرهەنگ، زمان، کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کوردە. لەپێناو سەرخستنی ئەو پلانەشدا مەترسیدارترین ڕێگا تاقی دەکاتەوە کەهەمان نیشاندانی بێڕەحمی و وەڕێخستنی جۆگەی خوێنە.

کۆماری ئیسلامی جگە لەسەرکوتی بێ بەزەییانەی کۆمەلانی خەلک لەنێوخۆ و ئازار و ئەشکەنجەی بەلێشاوی لاوانی کورد بەبیانووی جۆراوجۆر، بەدایم ماشێنی تیرۆڕی خۆی بۆ دەرەوەش دەنێرێ و بۆ لەنێوبردنی تێکۆشەرانی کورد هیچ مەجالێک بەفیرۆ نادا. دوایین قوربانیی دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامی لەباشووری کوردستان تیرۆری فەرماندەری خۆشناو و خاوەن ڕابوردووی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، تێکۆشەر قادر قادری بوو کەلەبەرەبەری سەری سالی نوێدا گیانی لێ ئەستێندرا. بەلەبەرچاوگرتنی ڕابوردووی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لەدەرەوەی ولات و بەتایبەت باشووری کوردستان دەبێ ئەوەی باش بزانین کەدیسان خەریکە داوی مەرگ بۆ تێکۆشەرانی کورد دادەندرێتەوە و مەیدانی ڕمبازێنی تیرۆریستەکان بەرینتر دەکرێتەوە.

مەیداندان بە تاوانبار و مەجال بۆ ڕەخساندنی هەتا پلانی مەترسیدارتر دابڕێژێ و ڕاوی تێکۆشەرانی کورد بکا، خۆی تاوانە. نابێ ڕێگە بدرێ خوێنی خەباتکارانی کورد هەروا بەخۆڕایی بڕژێ. ڕاوەستان لەبەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیم و تەنگ پێ هەلچنینی هەتا نەتوانێ بیر لەبەرنامەی تیرۆر بکاتەوە، ئەرکی سەرەکیی حیزبە سیاسییەکانی کوردە. ئەزموون دەری خستوە زمانی نەرم و پاڕانەوە نەک جەسارەتی ڕێژیمی بۆ پەلامار کەم نەکردۆتەوە بگرە چەند قات زیادیشی کردوە. خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری بە پاڕانەوە و خۆ فەقیر نیشاندان ناکرێ. تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی دەگەڵ دەزگای سەرکوتی ڕێژیم خەباتێکی لێبڕاو و هەمەلایەنەیە کە بتوانێ مەیدانی مانۆرەکانی ڕێژیم کەمتر بکاتەوە. داڕشتنی پلانی تۆکمە و حیساب بۆکراو بە مەبەستی دیفاع لە تێکۆشەران و بەرتەسکتر کردنەوەی مەجالەکانی دوژمن، دەبێ بکرێتەوە سەرلەوحەی کاری بەردەوام. هەر زەبرێک لەڕێگای تیرۆرەوە وەجەستەی خەباتکارانی کورد دەکەوێ، دسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدانی دلگەرمتر دەکا. شەهیدبوونی پێشمەرگە لەمەیدانی بەربەرەکانێدا بۆنی نائومێدی لێ نایە. بەلام شەهید بوونی تێکۆشەری کورد لەڕێگەی تیرۆرەوە دلەکان ڕێکتر دەگوشێ، جەستەکان لاوازتر و مێشکەکان ئالۆزتر دەکا. نابێ ڕێگە بدرێ تێکۆشەری کورد بێ ئەوەی مەجالی دیفاعی هەبێ خوێنی برێژرێ. مادام گیانی خەباتکارانی کورد هەر لەمەترسی دایە، ئیدی بۆ لەمەیدانی بەربەرەکانێدا نەکەوێتە مەترسی؟ لەشەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای دوژمندا هەمیشە ژمارەی کوژراوی دوژمن چەند بەرامبەری شەهیدی پێشمەرگە بووە و تەنانەت زۆرجار هێزی پێشمەرگە زەبری قورسی لەدوژمن داوە بێ ئەوەی خۆی زیان ببینێ. بەلام کە تیمی تیرۆری دوژمن وەکار دەکەوێ بەئاسانترین شێوەی مومکین و بێ ئەوەی ئەفرادی دوژمن بناسێندرێن، جەستەی تێکۆشەری کورد دەخوێندا شەلال دەکەن.

با دەگەل نوێبوونەوەی سال و پاش تێپەڕاندنی ئەزموونێکی زۆر لەدانی تەلەفاتی دەستی تیرۆر، جارێکی دیکە ستراتێژیی دیفاعی خۆمان داڕێژینەوە. با چیدیکە مەجال بە دوژمن نەدەین بە سووک و هاسانی ڕاوی خەباتکارانی کورد بکا. با مەیدانی تیرۆری لێ بکەینە داوی مەرگ و هەرچی هات پێوە بێ. با جارێکی دیکە نەعرەتەی پێشمەرگە دەشت و دۆلەکانی وکوردستان وەلەرزە بخاتەوە.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 722 20 march 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com




شەهیدی فەرماندە

قادر قادری

## وەفایەک بۆ شەهیدی فەرماندە

کەس نەڵێ فەرماندە قادر تەرکی گیانی کردووە
تیرەگەی کوێستانی قەندیل، شێرەڵانی کردووە

دەستی مردن کورتە بۆ بەرزایی بەژنی قارەمان
ڕووبەری زاگرۆس لەسای ئەو سایەوانی کردووە

ڕۆڵەکەی خانێ چلۆن دەمرێ؟ دەزانن کێوەکان
گیان لەبەر دەست بەرگری داگیرکەرانی کردووە

بەندەن و ڕووبار و داری خاکی پیرۆز پێت دەڵێ :
لێرە فەرماندەر، شەڕی دوژمن قڕانی کردووە

ڕەختی پێشمەرگە دەبێ سوورەخەڵاتی پێوەبێ
چونکە دایکی کوردەواری چەکوەشانی کردووە

زوڵمە بگری بۆ کەسێ خۆڵی بە خوێن ڕاگرتووە
کاتێ ئەو خاکی بە سورمەی چاوەکانی کردووە

شایەنی تەنیا سروودە: کەس نەڵێ کورد مردوە
چۆن دەشێ بمرێ کەسێ بۆگەل ژیانی کردووە؟

وەرزی سەوزی نەوبەهارە، جلکی ئاڵی کردەبەر
چۆتە نۆجەژنەی شەهیدان، مەزنەوانی کردووە

سەلاح کوردی